بەناوی خودای دەهندە و دلۆڤان

# بێستان

ژمارە ١٣

فێوریەی ٢٠٠٨ ی زاییینی

ڕێبەندانی ١٣٨٦ ی کۆچیی - هەتاویی

گۆڤارێکی گشتییە، بەشی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران دەری دەکا

## بەرز و بەڕێزبێ یادی دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان




ئەگەر چاوێک بە مێژووی دوور و درێژی گەلان بەگشتیی بخشێنین و بەوردیی لێی وردوەبین، دەبینین زۆر ڕووداو و بڕگەی ئەوتۆ هەن کە شیاوی ڕێزلێنان و یادکردنەوەن و هەریەکەیان هەڵگری پەیامێکن.  لە هەریەک لەو ڕووداوانە، بە تاڵ و شیرینیانەوە، دەتوانین دەرسی بایبداریان لێ وەرگرین و لە ناخیاندا وانەی سوودمەند هەڵێنجین و بە خوێندنەوە و گوێگرتنیان بەهرە بەرین.

٢ ی ڕێبەندانیش بۆ ئێمەی کورد یەکێک لەو بڕگە مێژووییانەیە کە تێیدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا و لە ٢ ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ی کۆچیی _ هەتاویی، بانگەوازی دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان درا و ئاڵای کوردستان، بە نیشانەی سەربەخۆیی، بەرزکرایەوە. ٢ ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ هیوایەکی نوێی لە دڵی گەلی کورد بەگشتیی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی وەڵات بەتایبەتیی زیندووکردەوە و، خەڵکی وەزاڵەهاتوو و ........

٢

دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانی ماموستایانی ئاییینی کوردستان بەردەوامە ٢



گرینگیی زانین لە ژیانی مرۆڤدا ٤



لەژێر سێبەری "دیمۆکراسیی"دا، نزیکەی ٤،٥ ملوێن قوربانیی لە ماوەی تەنها پێنج ساڵدا ٥




کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی دنیا دەگۆڕێ ٦



لە زومرووت و یاقووتەکانی دەریای جەلالەددینی ڕۆمیی ١٢



گەرمتر لە ١٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر ١٥



**سەرنج:**

هەر نوسراو و بابەتێک کە لە گۆڤاری "بێستان"دا بڵاودەبێتە نووسەری بابەتەکە لێی بەرپرسیارە و مەرج نییە دەربڕی بۆچوون و سیاسەتەکانی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان بێ.

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان          هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

www.arsivakurd.org

## درێژەی سەروتار

... ستەمچێشتووی کوردستان بۆ یەکەمجار تامی ئازادییان چێشت و نەمامی ئومێد بە داهاتوویەکی روونیان لە دڵدا رووا.

گومان لەوەدا نییە کە بیرەوەریی بڕگە مێژوویەکی ئەوتۆ کە شەبەقی ئازادیی گەلێکی ژێرچەپۆکەی وەک گەلی کوردی تێدا دەرکەوتووە، با بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ کۆمەڵانی بێبەش تامی ئازادییان چێشتووە و بۆ یەکەمجار کۆماری خۆیان بەخۆوە دیوە. شتێکی پیرۆز و پێویستە و ئەرکی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازێکی بەئەمەگە کە بە چاوێکی پڕ لە رێزەوە لەو رۆژە بڕوانێ و سڵاو بنێرێ بۆ گیانی پاکی ئەو رۆڵە فیداکارانە کە بە قیمەتی گیانیان ئەو کۆشکەیان بنیات نا.

ئەوەی لێرەدا گرینگە باسی لێوە بکرێ ئەوەیە کە دەبێ لەبیرمان بێ کە بیرەوەریی ئەو جۆرە رووداوە مێژووییانە هەروا ساکار تەواو نابێ. ئەو چیرۆکە هەر بەوەندە نابڕێتەوە چاوێکی بەسەردا بخشێنین و چەند رستەیەکی رازاوە و بارەومەیلی خۆمانی لێ وەخوێنین و شانازییەکان لەبەرچاوان زەق و زلتر بکەینەوە، بەڵام لەئاست کەموکوڕیەکانی چاو بنووقێنین.

ئەرکی هەموو کوردێکی ئازادیخواز و دڵسۆز بۆ گەل و نیشتمانەکەی ئەوەی کە لە بیرەوەریی رووداوێکی گرینگی ئەوتۆدا، کە راستەوخۆ پەیوەندیی بە چارەنووس و خەباتی درێژخایەنی نەتەوەیەکی مافخوراو و نیشتماندابەشکراوی وەک گەلی کوردەوە هەیە، سەرتاخواری ئەو چیرۆکە سەرنج بدا و وێڕای رێز بۆ خەبات و تێکۆشانی دڵسۆزانەی بەشداران، وێڕای شانازیی و حەماسە و فیداکارییەکان، تاڵیی و سوێریی و هەڵە و پەڵە و کەموکوڕییەکانیش بخاتە بەرچاو. ئەو بیرەوەرییانە بۆ ئەوەن ئەزموون و دەرسی بەکەڵکیان لێ وەربگیرێ. راست و دروستەکان بکرێن بە بەرنامە و کەموکوڕییەکان پڕبکرێنەوە و رێنەدرێ هەڵە و پەڵەکان سەرهەڵدەنەوە.

دڵسۆزانی بەڕاستیی، خەباتگێڕانی رووناک و واقیعبین کەموکوڕییەکان پڕدەکەنەوە و ئەوەندەی بۆیان بلوێ ناهێڵن هەڵە و پەڵەکان سەرلەنوێ سەرهەڵدەنەوە. بەڕاستیی مێژوو گەورەترین مامۆستایە بۆ کەسێک بەڕاستیی خوازیاری فێربوون و کۆکردنەوەی ئەزموون بێ.

جارێکی دیکەش لە بیرەوەریی و ٢ ی رێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، رێزدەگرین و سەرکەوتنی بزوتنەوەکەمان و بەئاواتگەیشتنی گەلەکەمان بەئاوات دەخوازین.

---

# دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانی مامۆستایانی ئایینیی کوردستان بەردەوامە



مامۆستا ئەیییووبی گەنجیی

کۆماری بەنێو ئیسلامیی ئێران بەمەبەستی مانەوەی دەسەڵاتە نگریسەکەی، لە هیچ زەبروزەنگێک دژ بە گەلانی ئازادییخوازی ئێران و کوردستان ناپرینگێتەوە و، لە هەوڵدایە تا بە گرتن و کوشتن و ئەشکەنجەدان چاوترسێنی جەماوەری وەزاڵەهاتووی کوردستان و ئێران بکات. لەو نێوەدا مامۆستایانی ئایینیی و خوێندکارانی خوێنگەرم، کە زۆر چاک دەسەڵاتی گەندەڵی کۆماری نائیسلامیی ئێران دەناسن و ئاکارە ناپەسندەکانیان لەقاو دەدەن، دەکەونە بەر پەلاماری دڕندانەی گورگە خوێنخۆرەکان دەوڵەت و، گەرەکیانە بە گرتن و ئیشکەنجەدان ورەی پۆڵایینی جەماوەری کوردستان بڕووخێنن.

لەم چەند رۆژەی ڕابردوودا مامۆستا "ئەیییووبی گەنجیی"، وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتی (قبا) لە سنە، کە چەند حەوتوو لەوەپێش و لە وتاری هەینیی دا، سەبارەت بە کوژرانی زاڵمانەی خوێندکاری زانکۆ، ئیبراهیم لوتفوڵڵاهیی، و ڕەتکردنەوەی شیاوەتیی چەند نوێنەرێکی کورد بۆ مەجلیسی شووڕای بەنێو ئیسلامیی ئێران ڕەخنەی لە حکوومەتی ئەحمەدینژاد گرتبوو و، هەروەها "دوو"ی ڕێبەندانیشی وەک ڕۆژێکی نەتەوەیی بەناو کردبوو، دوو رۆژ دوای ئەو وتانەی دەستگیر و بێسەروشوێن کرا.

مامۆستا ئەیییووبی گەنجیی، لە چالاکانی ناسراو بە "نەتەوەیی- ئیسلامیی"، رۆژی یەکشەممە ٢٠٠٨/٢/٢٧ لەلایەن چەند کەسێکی "نەناسراو"ەوە دەفڕێندرێ و بۆ شوێنێکی نادیار دەگوێزرێتەوە و دەزگاکانی دەوڵەتیش هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە ونبوونی ئەو پێشەوا ئایینییە نەدا بە ڕای گشتیی و بنەماڵەکەشی هیچ زانیارییەکیان لە بارەیەوە نەبوو. سەرەنجام پاش تێپەڕبوونی نزیک بە دوو حەوتوو بەسەر گرتن و بێسەروشوێنکردنی مامۆستا گەنجیی دا و، پاش نارەزایەتییەکی زۆری خەڵکی کوردستان بەگشتیی مامۆستا گەنجیی ئازاد کرا.

بەپێی هەواڵێکی سایتی "خەبات"، بەرەبەیانی رۆژی هەینیی ١٩ ی ڕێبەندانی ١٣٨٦ بەرامبەر بە (٢٠٠٨/٢/٨) مامۆستا ئەیییووبی گەنجیی، کە نزیك بە دوو هەفتە لەمەوبەر لەلایەن چەکدارە دڕندەکانی سەر بە ئیتتیلاعاتی شاری سنەوە رفێندرابوو، پەیدابۆوە و گەڕایەوە ماڵی خۆیان لە شاری سنە. هەر بەپێی هەواڵەکە تاریك و روونی بەیانی، چەند کەسی "نەناسراو" بە ماشێنێك مامۆستایان هێناوە و لە نزیك ماڵی خۆیان لە ماشێنەکە فڕێیان داوەتە دەرێ و وێڵیان کردووە. سەرچاوەی هەواڵەکە رایگەیاند کە شوێنەواری ئەشکەنجە و ئازاردانێکی زۆری دەروونیی و جەستەیی بە سەر و سیما و لەشی مامۆستاوە دیارە، بەشێوەیەك کە لەتاو ئازار و ئێش پشووی لێهەڵگیراوە و قسە دەبزڕکێنێ و زۆر بە زەحمەت کەسوکار و دۆستانی دەناسێتەوە یا هەر نایانناسێتەوە. دیارە ئەوەش کاتێک بووە کە رژیمی نائینسانیی و دژە ئیسلامیی ئێران لە ترسی توورەیی خەڵکی کوردستان بە گشتیی و شاری سنە بە تایبەتیی، هەروەها لە ترسی دەنگدانەوەی گیران و فڕاندنی مامۆستا لەلایەن ناپیاوانی ئەو رژیمەوە، کاربەدەستە دڕندەخووەکانی رژیم زۆر ترسنۆکانە و دڕندانە کەوتوونە گیانیی مامۆستا.

بە پێی ئەو وێنانەش کە دوای گەڕانەوەی مامۆستا گیراون، ماندوویی و بێهێزییەکی زۆر بە سەروچاو و جەستەی مامۆستاوە دیارە. بێگومان ئەوەش بەهۆی ئەو ئەشکەنجە گیانیی و جەستەییانەوەیە کە کاربەدەستە دڕندە و دژە مرۆڤەکانی کۆماری بەنێو ئیسلامیی لە ماوی فڕاندنی مامۆستادا لەسەر دەروون و لەشی ئەو بەکاریانهێناوە.

وەك هەموو لایەك دەزانن و مێژووی پڕ لە تاوانی نزیك بە سی ساڵی ئەو رژیمە دژی ئینسانیی و دژی ئیسلامییەش نیشانیدەدا، ئەو جۆرە تاوانانە کاری هەمیشەیی و بەرنامەی بۆداڕێژراو و درێژخایەنی کاربەدەستەکانی کۆنەپەرستی سیستمی 'مەهدەویی" رژیمی ویلایەتی فەقیهـ ن.







چەند وێنەیەکی مامۆستا ئەیییووبی گەنجیی لە رۆژی ئازادبوونیدا

www.arsivakurd.org

# تورکیە لەسەر دووڕیانێک

خەلیل عەبباسی



دێموکراسییە نەقوستانەکەی تورکیە نە لە ناوخۆ و نە لە دەرەوە کڕیاری نییە. ئایدولۆژیی کەمالیزم، لەم سەردەمەدا، لە هەموو کەس زیاتر زەرەد بە تورکەکان دەگەیەنێ. ئەو بیرە کە دەڵێ تورکیە بریتییە لە یەک نیشتمان، یەک زمان و یەک نەتەوە (لە دەسەڵاتی سیاسیی دا) لە ڕاستییدا بیرێکی ڕەگەزپەرستانەیە و ئیدی لە دونیای مودێڕن دا نە جێگای دەبێتەوە و نە قبووڵیش دەکرێ.

حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو وەڵاتە نەوێراون لەو جوغزە بەرتەسکە فیکرییە بێنە دەرەوە و جیهانی دەرەوە ببینن. تورکیە تەریک ماوەتەوە و، بەکوردیی لە هەردووک دینان بووە. لەلایەک بەهۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و حاشا لە بوون و مافی کورد لای ڕۆژئاوا بەقەدر نییە و لەلایەکی تریش بەهۆی نزیکیی لە ئیسرائیل لەنێو وەڵاتانی ئیسلامییدا بێ پێگەیە.

تورکیە ئێستا لەناو قەیرانی فیکریی، ئابووریی و ڕامیارییدا دەژی. هەرچەند هێندێک لە سیاسەتوانانی ئەم وەڵاتە دەیانهەوێ ڕێگایەکی نوێ بۆ ڕزگاربوون لەم کێشانە بدۆزنەوە، بەڵام فشاری سیاسیی ژنراڵە گەورەکانی سوپا، وەک قوتابییە گۆشکراوەکانی کەمالیزم، پێش بە ڕەوتی چاکسازیی دەگرێ. تورکیە، لەبەر ئەوەی نە خاوەن نەوتە و نە وەڵاتێکی پێشکەوتووی بەرهەمهێنەرە، لەباری ئابوورییەوە لاوازە، بەو لاوازییەش زۆر لە بودجەی ساڵانەی بۆ شەڕ دژی کوردان تەرخان دەکا.

کێشەی کورد لەو وەڵاتەدا گەورەترین کێشەیە. سەرکوتی خوێناویی و بێبەزەییانەی شۆڕشەکانی کورد نەیتوانیوە پێش بە سەرهەڵدانی نوێ بگرێ. خەباتی زیاتر لە ٢٠ ملوێن کورد خەباتێکی جەماوەرییە و لە ناوخۆ و دەرەوەی تورکیەدا بەوپەڕی توانا لە ئارادایە. بوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پێشکەوتنی ئەو هەرێمە و ئەگەری چارەسەری کێشەی کەرکووک بە قازانجی کوردستان، تورکیەی زیاتر خستۆتە مەترسییەوە، بۆیە دەسەڵاتدارانی تورکیە بەردەوام هەڕەشە دەکەن.

بەپێی کۆمەڵێک فاکتەر تورکیە ناتوانێ هێرشی سەربازیی بکاتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەگەریش بیکا سەرکەوتوو نابێ. تورکیە نەیتوانیوە وەکوو ئێران بارودۆخەکە وەقۆزێ و ئێستا نانی خۆی بڕیوە. ڕێگای توندوتیژیی و هەڕەشە ڕێگایەکی بێئاکامە و، باشترین ڕێگا بۆ دەربازبوونی تورکیە لە قەیرانەکانی، ڕێگای گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن و بە دیمکراسییکردنی زیاتری تورکیە و سازان لەگەڵ کوردەکانە.

بەهۆی بوونی پێگەی ئەمریکا لە ئێراق، ئەفغانستان، وەڵاتانی خەلیج و زۆر لە وەڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات، تورکیە وەک جاران بایەخی ستراتیژیی بۆ ناتۆ نەماوە. تورکیە دەتوانێ بە قبووڵکردن و جێبەجێکردنی داواکانی یەکیەتیی ئورووپا خۆی لە کورسیی ئەندامەتیی ئەو یەکێتییە نزیک بکاتەوە. بە ناسینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ، نە تەنیا دوژمنی کوردان نەبێ، بەڵکوو ببێتە گرینگترین دۆست و دراوسێ بۆ حکوومەتی هەرێم و ئێراق بەگشتیی.

تورکیە دەبێتە دەروازەی ئێراق بۆ ئورووپا و شەریکەکانی تورکیە بۆ گرێبەستی گەورە لەگەڵ کوردستان و ئێراق و قازانجی ئابووریی لەڕادەبەدەریان دەست دەکەوێ. دەروازەی سیاسیی و ئابوورییش لە ئورووپاوە بۆ تورکیە دەکرێتەوە و دەوڵەتی تورکیە ئەو خەرجە زۆرە سەربازییانەشی لەکۆڵ دەبێتەوە. بۆیە باشترین ڕێگا، ڕێگای لێکتێگەیشتن و بەدیموکراسییکردنی زیاتری تورکیەیە بۆ ڕزگاربوونی لە هەموو قەیرانەکان.

# ئیبراهیم لوتفوڵڵاهیی خۆی کوشت یان کوشتیان؟



ئیبراهیم لوتفوڵڵاهیی

ئیبراهیمی لوتفوڵڵاهیی، کە خوێندکارێکی کورد و چالاکێکی زانکۆی "پەیامی نوور"ی سنە بوو، لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١/٦، لەکاتێکدا لە هۆڵی تاقیکردنەوە دێتەدەر لەلایەن چەند مەئمورێکی سەر بە ئیتلاعاتی ئێران، کە بە جلوبەرگی مەدەنییەوە دەبن، دەگیرێت و بەرەو زیندانی ئەو شارە ڕاپێچ دەکرێت. دوو هەفتە بەدوای ئەم دەستگیرکرنەشدا، ئیتیلاعات باوکی ناوبراو لە مردنی کوڕەکەیان ئاگادار دەکەنەوە کە گوایە لە زینداندا "خۆی کوشتووە". بەڵام خێزان و پارێزەرەکەی ئیبراهیم بەگومانن لەوەی کوڕەکەیان خۆی کوشتبێت، چونکە تەرمی بێگیانی ئیبراهیم بەبێ ئاگاداریی ئەوان و بەنهێنیی لە گۆڕستانی "بەهەشتی محەممەدیی" بەخاک سپێردراوە.

پارێزەرەکەی ئیبراهیم، (ساڵح نیکبەخت)، وێڕای تەئکیدکردنەوە لەوەی کە ئیبراهیم سەر بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی نەبووە، دەڵێت: "شێوەی گیانلەدەستدان و بەخاکسپاردنەکەشی جێی گومان و پرسیارە، بۆیە بۆ ئاشکرابوونی ڕاستییەکان هەوڵی هەڵدانەوەی گۆڕەکەی و سەرلەنوێ شیتەڵکاریی تەرمەکەی لەلایەن پزیشکەوە دەدەم".

لەلایەکی دیکەوە، لەسەر چۆنیەتی مەرگی گوماناویی خوێندکاری کورد ئیبراهیم لوتفوڵڵاهیی، ئەمریکا داوای ڕوونکردنەوە لە ئێران دەکا. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی بە تەواویی نیگەرانی شێوەی مەرگی ئیبراهیم لوتفوڵڵاهییە. ئەو وتەبێژە ڕایگەیاند کە گومانی لە شێوەی مەرگی ئەو خوێندکارە هەیە. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، کۆماری بەنێو ئیسلامیی بەوە تاوانبار کرد کە هاووڵاتیانی ئێران دەترسێنێ، بە خراپی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکا و لەخۆڕا دەسبەسەریان دەکا.

هەر لەو پێوەندییەدا لە بەیاننامەیەکدا شەشسەد هەڵسووڕاوی مەدەنیی، سیاسیی، خوێندکاریی و ژنان و پێنج ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی سەبارەت بە مەرگی گوماناویی ئیبراهیم لوتفوڵڵاهیی لە شاری سنە ناڕەزایەتیی دەربڕین و خوازیاری ڕوونکردنەوەی شێوازی شەهیدکردنی ئیبراهیم بوون. هەر لەو بەیاننامەدا هاتووە: "بەداخەوە ئەمە یەکەمجار نییە ئەمجۆرە مردنانە لە زیندانەکانی "کۆماری ئیسلامیی" ڕوو دەدەن، هەر بۆیە ئێمە، ئیمزاکەرانی ئەم بەیاننامەیە، خوازیاری بەدواداچوونی یاسایی بۆ ئەم ڕووداوەین.

www.arsivakurd.org

# گرینگیی زانین لە ژیانی مرۆڤدا

وریـا



کۆمەڵێک توانای سروشتیی لە پەروەردگارەوە بە مرۆڤەکان بەخشراوە کە بەهۆی ئەوانەوە مرۆڤ بۆی دەلوێ زۆر نهێنیی هەڵبێنێ و لە جیهانی دەرەوەی بینین گەلێک زانستی نادیار ئاشکرا بکات. ئەو کە خاوەن هێزی بیستن و بینین و دڵ و ئیرادەیە، شیاوی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونە و، بە فراوانیی بیر و هۆش و تێفکرینی لە ڕێگای ئەو هێزانەوە بواری بۆ ڕەخساوە پەرە بە زانیارییەکانی بدا و بە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی زانست زەمینەی ژیانێکی خۆشتر ئامادە بکات. ئەم توانایەش تایبەت نین بە چەند کەسێک بەڵکوو تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگای بەشەر بەڕادەی خۆیان لەم توانایانە بەهرەمەندن، کەوابوو پێویستە هەموومان لە ئاستی بەرپرسیاریی دا بین و کات بەفیڕۆ نەدەین و لە فێربوون و تێگەیشتنی زۆرتر درێغیی نەکەین.

مەکتەبی مرۆڤسازی ئیسلام لە زۆر شوێن و گەلێک سەرچاوەیدا هانمان دەدات کە فێربین و بخوێنین و زۆر ئاداب و ڕێوشوێنیشی بۆ داناوین تا بەتەواویی کەڵک لە شیاویی خۆمان وەربگرین و خۆمان پێبگەیەنین.

یەکەم وشە لە نیگا و سەرەتای ئاخافتنی قورئان فەرمانە بە خوێندن و گەورەترین پەیام لە پەروەردگارەوە لەو تاکە ووشەیەدا بۆ بەندەکانی هەیە. کاتێک جوبرەئیل بە فەرمانی خوا بە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ بخوێنە! گوێمان لە دەنگی بانگی پەروەردگارە کە:"ئەی مرۆڤەکان! بخوێنن"، چونکە خوێندن سەرچاوەی دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست و پڕ بەختەوەرییە لە ژیاندا. خوێندن مایەی ڕزگارییە لە دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی و سەرلێشێواویی و چرای ڕووناکییدەری ژینە و گرێکوێرە و گرفتی نهێنییەکانمان دەکاتەوە و وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەروونمان دەداتەوە. ئەوەتا حەزرەت دوای ئەو هەموو گۆشەنشینییە لە ئەشکەوتی "حراء" دا بەمەبەستی وردبوونەوە و تێفکرین لەو بوون و ژیان و بوونەوەرە و گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا، ووشەی "إقرا" ئاوی دڵی دەداتەوە و وەڵامی ئەو هەموو ئایا و بۆچی و کێ و کەی و لەکوێیانەی دەستدەکەوێ.

قورئان کە فەرموودەی خودا و یاسای بنەڕەتی ژیانمانە و سەرچاوی خاڵ و بەندە یاساییەکانی هەموو مرۆڤەکان لە گشت چاخ و سەردەمەکانی دایە، زۆر گرینگیی بە بەکارهێنانی توانای بەشەر دەدا بۆ وەدەستهێنانی زانیاریی. سەرەتای ووشە پیرۆزەکانی ئەو پەڕاوەی پەروەردگار بە خوێندن و زانست و فێربوون و فێرکردن دەست پێدەکا و ئەو بەهرانە بە چاکەیەکی گەورە دەژمێرێ.. لە هەر شوێن و کاتێکیشدا فەرمانی بە چاکەیەک کردبێ یان ڕێگریی لە خراپە و تاوانێک یا بانگەوازی کردبێ بۆ وردبوونەوە لە نیشانە و بەڵگەکانی خوا لەم بوونەوەرەدا، ووشەکانی "بۆ بیرناکەنەوە، بۆ نازانن، بۆ عەقڵ ناخەنەگەڕ" یا لەپێش فەرمان و بانگەواز و ڕێگرتنەکەدا ووشەی "بزانن" بەکاربراون. لەو شێوازە داڕشتنەی قورئانی پیرۆزدا لەلایەن خوداوە، بەڕوونیی ئەوە دەبیندرێ کە زانست و فێربوون و تێگەیشتن چرای ڕووناکییدەری ڕێبازی ژیانن و بێ بەهرەمەندیی لەوان ژینمان تاریکە.

لە فەرموودە و ڕێوشوێن و سووننەتەکانی ژیانی پێغەمبەریشدا (د.خ) ئەو گرینگییپێدانە بە ئاشکرا دیارە و ئەو مرۆڤە هەڵبژاردەی پەروەردگار لەگەڵ بەگرینگزانینەکەدا گەلێک ڕێوشوێن و پڕۆگرامیشی بۆ چۆنیەتیی فێربوون دیاریی کردوون. لە زۆر فەرموودەدا دەبینین کە چەند گرینگیی بە پرسیار و وەڵام داوە و بەگوێرەی سنووری توانای، زانینەکانی پرسیاری بێ وەڵام نەکردوون. نووسین، کاغەز و زانستی بەڕادەیەک بەلاوە خۆشەویست و بایبدار بوون، کاتێک هەواڵی پێدەگا کە "کیسرا" کاغەزی بانگەوازەکەی ئەوی دڕاندووە، لە خوا دەپاڕێتەوە کە بەدەردی کاغەزەکە بچێ. کاتێک کۆڕ و هەڵقەی ووتار و فێرکردن و زانست دەبەستران، حەزرەت لە شێوەی دانیشتنی بازنەییدا خەڵکی کۆدەکردەوە و بۆیان دەدوا.

لە یەکێ لەم کۆڕانەی پێغەمبەر (د.خ) دا سێ کەس دێنە لای کۆڕەکە، یەکیان لەناو بازنەی دانیشتنەکەدا بۆشاییەک دەبینێ و لێی دادەنیشێ و دووهەمیان لەپشت بازنەکەوە گوێدەگرێ و سێهەمیشیان تێدەپەڕێ و کۆڕەکە بەجێدێڵێ. پاش تەواوبوونی کۆڕەکە و فەرموودەکانی لەو دانیشتنەدا، باسی ئەو سێ کەسە دەکا بۆ خەڵکەکە و دەفەرموێ: یەکەمیان داوای لە خوا کرد جێی بێتەوە خواش پێی بەخشیی. دووهەمیان شەرمی کرد داوا بکات خواش شەرمی لێکرد. سێهەمیان کە پشتی تێکردین و ڕۆیشت گوێی نەگرت خواش پشتی تێکرد. لەم ڕوونکردنەوەیەدا کە حەزرەت لەبارەی ئەو سێ کەسەوە فەرمووی، دەردەکەوێ کە ئەگەر مرۆڤ خۆی گەرەکی بێ و داوا لە خوا بکات، ڕێی فێربوونی بۆ خۆش دەکا و کاری بۆ ئاسان دەکا. دەبینین کە پلەی فێرخواز بەڕادەیەک بەرز نیشان دەدات کە خوا شەرمی لێدەکات و کەسێکیش دوور بێ لە فێربوون و پشتی تێکات، پەروەردگاریش لێی تووڕەیە و ڕووی لێ وەردەگێڕێ.

"مەکتەبی مرۆڤسازی ئیسلام لە زۆر شوێن و گەلێک سەرچاوەیدا هانمان دەدات کە فێربین و بخوێنین و زۆر ئاداب و ڕێوشوێنیشی بۆ داناوین تا بەتەواویی کەڵک لە شیاویی خۆمان وەربگرین و خۆمان پێبگەیەنین"

لە فەرموودەیەکیتردا، بۆ ئەوەی فێربین چۆن کەڵک لە کات وەربگرین، کوڕی مەسعوود بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (د.خ) بە حەز و پرسی ئێمە ڕۆژی خوێندن و ووتار و ئامۆژگاریی دیاریی دەکردن، نەوەک تووشی سستیی و تەمبەڵیی بین و وەڕەزبین. عبداللەی کوڕی مەسعوودیش دەڵێ حەزرەت فەرموویەتی: چاوتێبڕین و حەسوودیی دروست نییە تەنیا لە دوو شتدا نەبێ. یەکەم: پیاوێک خوا دەوڵەمەندی کردبێ و سامانی لە ڕێگای دروست و حەڵاڵدا خەرج کردبێ. دووهەم: کەسێک خوا زانست و کارزانیی پێ بەخشیبێ و کاری پێ کردبێ و فێری خەڵکیتریشی کردبێ.

لە فەرموودەیەکی دیکەی (ابن عباس) دا دەبیستین کاتێک پێغەمبەر (د.خ) لە خۆشەویستییدا لە ئامێزی دەگرێ و بەخۆیەوە دەگوشێ، باشترین دوعا کە بۆی دەکا داوای زانین و لەکارزانییە تا خوا بیداتێ.

ئەوانە و چەندین ڕەوشت و ئاکار و فەرموودە و ڕێنوێنیی دیکە کە لێرەدا مەودای باسکردنیان نییە، بەڵگەی ڕوونن لەسەر ئەوە کە دینی ئێمە چەندی زانین بەلاوە گرینگە و بە ئەرکی سەرشانی ژن و پیاوی موسوڵمانی دادەنێ.

دەی با گوێ لەو بانگەواز و فەرمان و ئامۆژگارییانەی ئایینەکەمان بگرین و کات بەفیڕۆ نەدەین. ئەو کات و تەمەنەی کە هەر چرکەیەکی تێپەڕی، هیچ توانا و سامان و هێزێک ناتوانێ بۆمان بگەڕێنێتەوە و سات بە سات و چرکە بە چرکە بەرەو کۆتایی دەچێت. بابخوێنین و وەخوێنین و فێربین و فێرکەین تا بە ڕووناکیی گڕی مەشخەڵی زانین تاریکیی و تنووکیی ڕێباز و کون و قوژبنەکانی ژیان دڕ پێ بدەین و لەبەر چرای ئەو زانینەدا داهاتووی خۆمان ڕوون ببینین.

www.arsivakurd.org

# لەژێر سێبەری "دیمۆکڕاسیی"دا، نزیکەی ٤,٥ ملوێن قوربانیی لە ماوەی تەنها پێنج ساڵدا

**ناسر ح.**

بەپێی وتەی کومیتەی نێودەوڵەتیی بۆ ئازادکردن، لە کۆماری کۆنگۆی دێمۆکراتیی، کە وڵاتێکی هەژاری ئەفریقایە و دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئەفریقا، مانگانە ٤٥٠٠٠ کەس دەبنە قوربانیی جەنگە نێوخۆییەکەی ئەو وڵاتە. کۆی گشتیی قوربانییانی ئەو جەنگە نێوخۆییە کە ساڵی ١٩٩٨ هەڵگیرسا و ساڵی ٢٠٠٣ بە ڕواڵەت کۆتایی پێهات، گەیشتە ٥ ملوێن و ٤٠٠ هەزار کەس. هەر بەهۆی ئەو جەنگە ماڵوێرانکەرەوە کە بەشێکی زۆری وڵاتەکەی گرتۆتەوە، تەنیا لەو چەند مانگەی ڕابردوودا، نیو ملوێن کەس ئاوارە و پەرتەوازە بوون و ڕوویان کردۆتە بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەیان.



**بەهۆی زۆریی ژمارەی قوربانییانی جەنگی نێوخۆی کۆنگۆ، مەیتی قوربانییەکان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا دەنێژرێن**

لەم ماوەیەدا ئاگربەستێک، لەنێوان لایەنە ناکۆکەکانی کۆنگۆ، بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگی نێوخۆی ئەو وڵاتە ڕاگەیەندرا. ئەو ئاگربەستە بەشێوەیەکی دەمودەستە و هەروەها ڕێگە بە هێزە چاودێرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەدا لە ناوچەکەدا جێگیر بن و ئەرکی پاراستنی ئاسایشی وڵات بگرنە ئەستۆ. پاش چەندین گفتوگۆ، گرێبەستەکە لە ڕۆژهەڵاتی وڵات و لە شاری "گووما" لەلایەن سەرۆکی ئۆپۆزیسیۆن و ژەنەڕاڵ "لاورێنت نکوندا" و "مای مای میلیتسن" ی دۆستی دەوڵەتەوە، ئیمزا کرا.

گفتوگۆکان لەنێوان ٢٠ دەستەی یاخیبووی جیاواز و دەوڵەتدا بەڕێوەچوون. بەڵام وا چاوەڕوان ناکرێ ژمارەی قوربانییان، دوای گرێبەستەکە، کەمبێتەوە، چونکە زۆربەی قوربانییەکان بەهۆی نەخۆشیی و ئاسەوارەکانی جەنگەوە گیان لەدەست دەدەن. هەریەک لە مەلاریا، هەوکردنی سییەکان و خراپبەکارهێنانی خۆراک، زۆر بە ئاسانیی ڕێیان لێدەگیرێ و چارەسەرکردنیان ئاسانە ئەگەر مرۆڤ دەستی بە چاودێریی پزیشکیی و خۆراکی پێویست ڕابگا، بەڵام نە چاودێریی پزیشکیی و نە خۆراکیی پێویست لەو وڵاتە، دەتوانین بڵێین، بوونیان نییە.

بارودۆخی کۆنگۆ، وەک ئاشکرایە، زۆر خراپە و دەوڵەت کە لە بەشی ڕۆژئاوای وڵاتدا جێگیربووە ناتوانێ زۆر بەئاسانیی بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵاتیش بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. چاودێران پێیانوایە کە زۆر گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بەهەموو شێوەیەک پشتگیریی لەو ئاگربەستە بکا تا بەتەواویی ئاشتیی لەو وڵاتە سەقامگیر بێ. یاخیبووەکان هەمیشە بەرنامەی تایبەت بە کاری خۆیان هەیە و لەم جۆرە ئاگربەستانەش پێشتر ئیمزاکراون، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لایەنە ناکۆکەکان تا بکرێ زیاتر لێک نزیک ببنەوە.

ژەنەڕاڵ "نکوندا" ڕادەگەیەنێت کە هێزەکانیان نەژادی (توتسی)ەکان، کە لەنێو هێزەکانی هۆزی (هۆتۆ)دان، دەپارێزن. لە لایەکی دیکەشەوە ڕاوێژکاران لە وەڵاتانی ئامریکا و بەریتانیا وە هەروەها یەکێتیی ئوروپا چاوەڕێن تا دەوڵەتی کۆماری کۆنگۆی دیمۆکراتیی، لە ماوەیەکی نزیکدا، بڕگەکانی ئاگربەستەکە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

**(هۆتۆ) و (توتسیی):** نێوی دوو هۆزی گەورەی وەڵاتی "کۆنگۆ"ن. ئەم دوو هۆزە لە سەرەتای نەوەدەکان ناکۆکییان لەنێواندا پەیدابوو و، دواتر ئەو ناکۆکیانە پەرەیان سەند و پاشان جەنگێکی نێوخۆیان لەو وڵاتەدا هەڵگیرساند. هۆزی "هۆتۆ" وڵاتی (ڕواندا)ی دراوسێی (کۆنگۆ)، پشتیوانیی لێدەکا و، "توتسیی"ش دەوڵەتی (کۆنگۆ) یارمەتیی دەدا. جەنگی نێوانی ئەم دوو هۆزە بە چەشنێک ترسناک و خوێناوییە کە لەماوەی تەنها چوار مانگدا نزیک بە یەک ملوێن کەسیان لە یەکتریی قەتڵیعام کرد.

*****

# خنکانی حەوت ئەندامی بنەماڵەیەکی کوردی ڕۆژهەڵات

**سەرچاوە:** khabat.org: بەپێی هەواڵێکی گەیشتوو، ڕۆژی دووشەممە ١٣٨٦/١١/١٥ بەرامبەر بە ٢٠٠٨/٢/٤ ی زایینیی، تەرمی حەوت کەس کە پێکهاتبوون لە پیاوێک، ژنێک و پێنج منداڵ لەناو خانوێکی کەمپی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری شاری هەولێر، کە ناسراوە بە کەمی کاوە، دۆزرانەوە. بەپێی هەواڵەکە ئەو حەوت کەسە هەموویان ئەندامی بنەماڵەیەک بوون و بریتیی بوون لە: باوک و دایک و پێنج منداڵ. باوکەکە ناوی (ئەنوەر محەممەد ساڵح)ە و خێزانیشی ناوی (نەجیبە)یە و منداڵەکانیش کە تەمەنیان لەنێوان (٢) ساڵ و (١٦) ساڵ دان، بریتیین لە کوڕێک و چوار کچ. دەگوترێ کە ئەو بنەماڵەیە، کە خەڵکی ناوچەی کرماشانن، سێ ڕۆژ لەوەپێش بەهۆی گازی کوورە (سۆپا)ی نەوتەوە خنکاون.

کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی شاری هەولێر پاش ئاشکرابوونی ئەو کارەساتە خۆیان گەیاندۆتە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمەکانیان بۆ نەخۆشخانەیەکی شاری هەولێر، بۆ مەبەستی پشکنین، گواستۆتەوە. دەرودراوسێی ئەو بنەماڵەیە بە پۆلیسیان ڕاگەیاندووە کە سێ ڕۆژ دەبێ هاتوچۆ لەو ماڵە هەست پێنەکراوە، هەر بۆیە گومان دەکرێ ئەو حەوت کەسە سێ ڕۆژ لەوەپێش خنکابن.

شایانی باسە ماوەیەکە شەپۆلێکی سەرما و کڕێوە شار و گوند و ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتۆتەوە و، لەبەر کەمیی یان نەبوونی سووتەمەنیی پێویست لەبەردەست خەڵکدا و زۆر جاریش خراپ بەکارهێنانی ئەوەی کە لەبەر دەستدایە ڕووداوی زۆر دڵتەزێن ڕوویانداوە.

جێگەی ئاماژەیە کە کەمپی (کاوە) لە شارۆچکەی (قوشتەپە) لە باشووری شاری هەولێر هەڵکەوتووە و تایبەتە بە بنەماڵە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پێشتر لە کەمپی ئاڵتاش لە نزیک شاری (ڕوومادیە)ی ڕۆژئاوای عێراق نیشتەجێ ببوون و، دوای ڕووخانی حکوومەتی بەعس، پەنایان بۆ ناوچەکانی ژێر حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان هێنا.

**بەناوی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "بێستان"ەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاڕاستەی خزم و کەسوکاری ئەو بنەماڵەیە دەکەین و، لە خەمیاندا بەشداریین.**

www.arsivakurd.org

# کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی دنیا دەگۆڕێ



ئامادەکردنی: محیەددین حوسێنیی
muhiyaddin2@hotmail.com

## ئەلجەزیرەی ئینگلیسیی دەگا بە ١٠٠ ملوێن ماڵ

"شەڕەفێکی نوێ بۆ هەواڵی تەلەفزیۆنیی" ... ساڵێک و چەند مانگ لەوەپێش کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی نوێ خۆی ناساند و، ئێستا ئامادەیە بۆ کارکردن دەگەڵ ڕووداوە هەرە گەورەکان. "نیگل پارسنز"، بەڕێوەبەر و فەرمانبەر لە ڕاگەیاندندا، داوا دەکا: "بە هەڵەدا نەچی". ئەو دەڵێ: ئێمە حەزمان لە هیچ شەڕێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، بەڵام ئێمە چاو دەگێڕین بۆ هەواڵێکی گرنگ کە خۆمانی پێوە خەریک بکەین. ئەوەش ئێمە وەکوو کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی دەناسێنێ.

ساڵێک دوای دەستپێکردنمان، وەکوو ئەلجەزیرەی ئینگلیسیی، خۆشبینیی و باوەڕبەخۆبوونێکی زۆرمان هەیە. ئەو کەناڵە ئینگلیسییە، کە بەشێکە لە تۆڕێکی بەرفراوان لەژێر هەمان ناودا، لەو ماوەی رابردوودا خۆی توندوتۆڵ کرد و، خووی بینەرانی تەلەفزیۆنی، بەتایبەت لە ئەفریقا، گۆڕیی.



یەکێک لە ستۆدیۆکانی کەناڵی ئەلجەزیرەی ئینگلیسیی

"بریتن پارسنز"، کە خاوەنی ئەزموونێکی ٣٠ ساڵەیە لە بواری ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا، دەڵێ: ئێمە بەڕاستیی دەرەنجامێکی ڕێکوپێک و باشمان هەیە، هەم لەسەر ڕووی تەلەفزیۆن هەم لە دەربڕینی ڕای بینەرانمان.

### دەگەڵ ڕۆژ دەگەڕێ

لەو هۆدە گەورە و زۆر پێشکەوتووە، کە ژووری ئامادەکردنی هەواڵە و لە تەنیشت ژووری بەڕێوەبەرە، ئێستا "لۆڕن تەیلیر" ئەرکی گەیاندنی هەواڵەکانی گرتە ئەستۆ. کاتژمێر بۆتە دوازدە و، لەو سووڕانە نەپساوانەی دەوری گۆی زەویدا، نۆرە گەیشتەوە دۆحە.

بڵاوکراوەکان لەگەڵ ڕۆژدا دەسووڕێن. چەند کاتژمێری دیکە ئەرکی گەیاندن دەخرێتە سەر شانی بەڕێوەبەرانی ژووری ڕاگەیاندنی هەواڵ لە لەندەن کە لەوێ کەسێکیتر ئەرکەکە دەگرێتە ئەستۆ. دواتر ئەو سووڕانەوە دەگاتە واشینگتۆن و دوای ئەو کوالالامپوور و بەو شێوازە شەو و ڕۆژێکی پێدەچێ تاکوو "دۆحە" بۆ جارێکیتر بێتەوە ناو سووڕەکەوە.

لەو ماوە کورتەی کەناڵەکە دەستی بەکار کردووە، ناوی ئەلجەزیرە بۆتە ناوێکی خۆشەویست و لێپرسراو لە سەرتاسەری جیهان. نیشان "لۆگۆ"ی کەناڵەکە یەکێک لە نیشانە هەرە ناودارەکانی جیهانە کە بەئاسانیی لەلایەن خەڵکییەوە دەناسرێتەوە و یەکەم نیشانەی ناسراوە لە ئاستی کۆمپانیا میدیاییەکاندا.

ئەلجەزیرە ساڵی ١٩٩٦ بە زمانی عەرەبیی دەستی پێکرد. لە سەرەتاوە تەنیا ٦ کاتژمێر بوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە توانییان بە داهێنانی شتی جیاواز سەرنجی بینەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە تا ئەو کاتە زیاتر بەو کەناڵانەوە سەرقاڵ بوون کە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتەکاندا بوون، بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست توانیان تێکهەڵچوونی بیروڕای جیاوازیان پێبگات. تەنانەت بینەری ڕاستەوخۆی ڕەخنەگرتن لە سەرۆکەکانیان بن هەر لەناو ماڵی خۆیاندا. کەناڵەکە هەروەها بنکەیەکی نوێی لە قودس (ئورشەلیم) دانا کە نە تەنیا هەواڵی ئیسڕائیل بڵاودەکاتەوە، بەڵکوو لەگەڵ سەرۆکەکانی ئیسڕائیلییش چاوپێکەوتنی ساز دەدا.

### شەش کەناڵ

لە مانگی فێبریواری ١٩٩٩ کەناڵی ئەلجەزیرەی عەرەبیی بوو بە ٢٤ کاتژمێر. دواتر ٥ کەناڵی دیکەی نوێ هاتنە گۆڕێ: وەرزش، منداڵان، بەڵگەنامە و کەناڵێکی تایبەت بە گواستنەوەی ڕاستەوخۆی کۆبوونەوەی فراوان و بۆنەی تایبەت. لە ١٥ ی نۆومبری ٢٠٠٦ یش ئەلجەزیرەی ئینگلیسیی، بە کورتکراوەی (AJE)، دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کرد. (AJE) یەکەمین کەناڵی لەو شێوە نییە، بەڵکوو پێشتر CNN ی ئامریکایی و BBC بریتانیایی لە مەیدان بوون، بەڵام ئەوە یەکەمینیانە کە بنکەی سەرەکیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت. هەروەها "نیگل پارسنز" باسی ئەوە دەکا کە ئەلجەزیرە هەواڵانێک بڵاودەکاتەوە کە کەسی دیکە بەلایدا ناچێ. بۆ نموونە باسی ئەو گێژەڵووکە و لافاوە دەکا کە لەم دواییانەدا بەسەر "بەنگلادیش"ی دادا، زۆربەی هەواڵنێران پاش تەنها ٢٤ کاتژمێر وڵاتەکەیان بەجێهێشت بەڵام ئێمە لەوێ ماینەوە تا چۆنیەتیی نارەحەتیی و وێرانکارییەکان خۆیان دەرخەن.

### تەلەفزیۆنی تیرۆر

کاتێک دەرکەوت کە ئەلجەزیرە کاناڵێک بە زمانی ئینگلیسیی دەکاتەوە، زۆرکەس وایان دانا و پێیان وابوو کە کاناڵەکە دەبتە کۆپییەکی دەقاودەقی ئەلجەزیرەی عەرەبیی.

بەرپرسی پێوەندییەکان "لانا خاچان" دەڵێ: "ئێمە ناچارین کە نێودەوڵەتیی بین بۆ ئەوەی بتوانین خزمەت بە بینەرانێکی زیاتر بکەین. "نیگل پارسنز" باسی ئەوە دەکا و دەڵێ: "ئەو خۆشبینیەی لە سەرەتاوە بەرەورووی ئێمە بۆوە، لە ئەمریکا وا پێشوازییمان لێ نەکرا. ساڵی ٢٠٠٤ کە سەردانی "کۆنگرێس"م لە واشینگتۆن کرد زۆریان ڕوو ناخۆش بوو و، منیان وەک نوێنەری تەلەفزیۆنی تیرۆر تەماشا دەکرد. ئێستا دوای زیاتر لە ساڵێک، وەرچەرخانێکی گەورە ڕوویداوە. ئێستا بە ڕووخۆشییەوە پێشوازییمان لێدەکەن و تامەزرۆمانن. ئەم وەرچەرخانە لە بڵاوکراوەکانیشدا باسی لێوە کراوە. "ڕۆگر کۆهن"، کە لە ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز"دا گۆشەی تایبەتیی بە نووسینەکانی خۆی هەیە، هەر لە سەرەتاوە بە خراپیی باسی لێوە دەکردین، بەڵام لە بڵاوکراوە و نووسینەکانی دواتریدا باس لەوە دەکا کە ئەمریکییەکان پێویستیان بەوە هەیە کە بزانن چی لەو دونیایەدا ڕوودەدا کە ئەوانی تێدا دەژین. جا بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێ: "واباشە ئەلجەزیرەی ئینگلیسیی بەباشیی پەرەی پێبدرێ تا خەڵکیی بە ئاسانیی بکەوێتە بەردەستیان".

### کەمتر لەسەر هەست دەجووڵێنەوە

ئێستا بەرەبەرە بەهێزکردنی ئیش و کاری پەرەپێدان بۆ بڵاوکردنەوەی کاناڵەکە دەبێتە گرینگترین کارمان، بەتایبەت لە ئەمریکا کە کاناڵەکانی دیکە شێوەیەک لە گومانیان بەرامبەرمان هەیە.

www.arsivakurd.org

"پارسنز" دەڵێ: "ئێمە نووکە خەریکی ڕێکەوتنی ناوخۆیین بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە. لە بەرنامەماندایە چاوپێداخشاندنێک بەسەر کاروبارەکانماندا بکەین. بەڕێوەبەری کاناڵەکە دەڵێ: "ساڵی داهاتوو نۆرەی گۆڕانکارییە. ئێمە کە تازە هاتووینە مەیدانەوە، دەبێ هەوڵ بدەین کە کەس تووڕە نەکەین. جا ئەوکات کە کامڵ بووین و پێگەیشتیین دەتوانین، بە تێپەڕبوونی زیاتری کات، ئارامییەکی زیاتر روومان تێبکات لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشهاتە ناخۆشەکاندا.

"پارسنز" پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە مەبەستیان دامەزراندنی تۆڕێکی هەواڵنێریی ڕێکوپێکی نێونەتەوەییە.

## ئازادییەکی زیاتر بۆ راگەیاندنی هەواڵ

کۆنەکاری بەئەزموون، کە ئەزموونێکی زۆری لە تەلەفزیۆنی ئەمریکایی و ئینگلیستانیی دا کۆکردۆتەوە، پێزانینی خۆی بەرانبەر بە شێوازی هەواڵنێریی ئەلجەزیرەی ئینگلیسیی دەردەبڕێ کە ئەو (کاناڵەکە) دەتوانێ بەدڵی خۆی ڕێکیان بخات.

"مایک هاننا"، یەکێک لە بەئەزموونترین هەواڵنێرەکانی ئەلجەزیرەی ئینگلیسیی، دەڵێ: "ئەو شێوازە هەواڵنێرییە دەرفەتێکی باشی رەخساند کە شتەکان بەوشێوەی کە دەبێ بکرێن، دەکرێن. ئێمە لە سەرەتاوە بۆخۆمان داڕێژەر بووین و لاپەڕەی سپیمان بەدەستە بوو، جا بۆیە بەوشێوەیە چاکتر و ئاسانتر شتەکان جێبەجێ دەبن. "هاننا" زیاتر لە ٢٥ ساڵ ئەزموونی هەوالنێریی نێونەتەوەیی هەیە، بۆ وێنە کاری بۆ کاناڵی (ئای تی ڤی) ئینگلیسیی و (سی ئێن ئێن)ی ئەمریکایی کردووە و بە کۆمەڵێک خەڵات ڕێزی لێندراوە.

## هەرێمە گرینگەکان

ئێستا "مایک" رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتە ئەستۆ کە گرینگترین هەرێمە بۆ کاناڵەکە. مایک ئەو هەرێمەش باش دەناسێ، چونکە کاتی خۆی بەرپرسی بنکەی (سی ئێن ئێن) بووە لە (بەیتول مەقدیس)، بەڵام شێوەی کارکردنی ئەوکات و ئێستای تەواو لێک جیاوازن. ئەو باسی ئەوە دەکا کە بەتەواوەتیی وەڕەز ببوو لەوەی کە رامیارانی ئینگلیسیی و ئەمریکایی، بۆ چۆنیەتیی راگەیاندنی هەواڵەکان، پێش ئەو بکەون، بەتایبەت دوای هێرشەکەی ١١ ی سێبتەمبری ٢٠٠١ ی نیویۆرک، بارودۆخەکە بەتەواویی شڵەژابوو. کاناڵی (سی ئێن ئێن) ڕێڕەوێکی بەئاشکرا شۆڤێنیستانەی گرتەبەر، بەتایبەت کە تین و گوشاری کاناڵی تەلەفزیۆنیی (Fox News) "فاکس نیوز"یشی لەسەر بوو. بەوشێوە "مایک هاننا" ئێشی دەگاتە ئێسکانی و بەتووڕەییەوە کۆتایی بە کارکردن لەگەڵ کاناڵی (سی ئێن ئێن) دێنێ. ناوبراو لەوبارەوە دەڵێ: "بڕیارێکی زۆر ئاسان بوو". ماک دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ گەیشتە لای خاوەنکارە تازەکەی.

مایک دەڵێ: "ئێستا من لای ئەلجەزیرەی ئینگلیسیی ئازادییەکی زۆر زیاترم هەیە لە کارەکەمدا و بەوشێوە کار دەکەم کە خۆم مەبەستمە. هەروەها پێموایە کە ئەلجەزیرە هەنگاوێک لە کاناڵە رۆژئاواییەکان لەپێشترە، چونکە ئەلجەزیرە دەیەوێ زیاتر بەرەوڕووی هەواڵە نێونەتەوەییەکان بێتەوە.



دروشمی کەناڵی ئەلجەزیرە

# مەحەممەد خاتەمیی خەڵاتی سیمورغی پێشکەش بە شەهرام نازریی کرد


شەهرام نازریی


محەممەد خاتەمیی

خەڵاتی سیمورغ لەلایەن سەرۆك كۆماری پێشووی ئێران مەحەممەد خاتەمیی پێشکەش بە هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناوداری کورد شەهرام نازریی کرا.

بەپێی راپۆڕتی بەشی هونەریی ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر لە شاری تاران، ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان و پێشکەشکردنی خەڵاتی سیمورغ بە شەهرام نازریی، لەلایەن سەرۆك كۆماری پێشووی ئێران سەید مەحەممەد خاتەمیی، بە بەشداریی هونەرمەندانی ناوداری ئێران، لە تەلاری "بێتهۆون"ی ماڵی هونەرمەندانی ئێران لە شاری تاران بەڕێوەچوو.

سەرۆکی دەزگای نێونەتەوەیی گفتوگۆی فەرهەنگەکان و ژیارەکان د. مەحەممەد خاتەمیی بەپێی رەوتی ساڵانە، لەگەڵ کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانی بواری فەرهەنگیی و هونەریی ئێران، دیدار دەکات. هەر بەو بیانووەوە ئەم ساڵیش لە نێوان هونەرمەندە ناودار و ئاستبەرزەکانی ئێران لە ماڵی هونەرمەندان ئامادە بوو. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا خەڵاتی سیمورغ بەهۆی تەمەنێك چالاکیی شەهرام نازریی لە بواری هونەریی موزیکدا، لەلایەن سەرۆك كۆماری پێشووی ئێران، ئەکتەری ناوداری سینەما و تەلەفیزیۆنی ئێران عیززەتوڵڵا ئینتزامیی و وەزیری پێشووی "فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی" ئێران ئەحمەد مەسجد جامعیی، بە شەهرام نازریی پێشکەش کرا.

عیززەتوڵڵا ئینتزامیی لەکاتی پێشکەشکردنی ئەم خەڵاتە، کە بە نیشانی سیمورغ ناسراوە، گوتی: بۆ من زۆر جێی شانازییە کە ئەم دیارییە چکۆلەیە لەلایەن منەوە پێشکەش بە شەهرام نازریی دەکرێت و ئەم شانازییەش هیچ کاتێك لە یاد ناکەم.

www.arsivakurd.org

# سەڵتبوون

سەڵتبوون بۆ هەرکام لە ئێمە واتا و چەمکی جیاواز بەخۆی هەیە. بۆ هەندێک لە مرۆڤەکان سەڵتبوون شێوازی ژیانیانە. بەڵام بۆ زۆرینەی ئێمە سەڵتبوون شەڕێکی بەردەوامە لەگەڵ گەشبینییدا. دەڵێن هیوا لە ناخی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ. ئێمە بە شێوازێک نەخولقاوین کە ژیانی خۆمان بەتەنیایی بەسەربەرین. بۆ زاهید یان سۆفی، کە لە جیهان و کۆمەڵگە دوورەپەرێزیی دەکات، ئەم شێوە ژیانە دەتوانێت جۆرە عیبادەتێک بە حسێب بێت، بەڵام بۆ ئێمە بەرامبەرە لەگەڵ مەرگ و نەماندا.



عەبدوڵڵا عومەرنەژاد
abdulla1359@yahoo.com

سەڵتبوون ئەوەندەش سادە و ئاسان نییە. پێش لە هەموو شتێک ئەوەیە کە ئەرکی هەموو بڕیارەکانمان لە ژیاندا لە ئەستۆی خۆماندایە. ناتوانین بۆ بڕیاردان لەگەڵ هیچ کەس راوێژ بکەین لەبەرئەوەی هیچ کەسێک ئەوەندە لە ئێمە نزیک نییە کە پشتی پێ ببەستین. لەوانەیە کە متمانەمان بە هاوڕێیەکان و برادەرانمان هەبێت بەڵام تەنانەت نێزیکترین هاورێیەکانیشمان ناتوانن جێگای بۆشایی هاوسەرەکانمان بۆ پڕ بکەنەوە. بەوهۆیەوە تەنیا پێوەندیی بە خۆمانەوە هەیە کە هەر رۆژە و چ کارێک جێبەجێ بکەین. بچینە سەر کار یا نە، چ چێشتێک لێبنێین، رۆژانی پشوو لەگەڵ هاوڕێیان بچینە دەرەوە بۆ پیاسەکردن یا نە، یا ئەوەی لەگەڵ چ کەسانێک دا هەڵسوکەوت بکەین.

کاتێک ئێواران لەسەر کار دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە، کەسێک نییە کە چاوەڕێمان بێت و بەخێرهاتن و ماندوونەبوونییمان لێ بکات. ناچارین بۆخۆمان چێشت لێبنێین، ئاو گەرم بکەین و حەمامێک بکەین و ژیانمان لە بێدەنگیی و ساردوسڕییدا بێت و هەندێک جاریش لەگەڵ هاوڕێیان و دۆستان پیاسەیەک بکەین. یەکێک لە گەورەترین کۆسپەکانی سەڵتبوون ئەوەیە کە ناتوانین هزر و بۆچوونەکانمان ئەو کاتەی کە پێویستمانە لەگەڵ کەسێک باسیان لێوە بکەین. لەوانەیە بتوانین ئەو کارە لە کۆڕی دۆستان و هاوڕێیاندا تا ڕادەیەک دەرببڕین، بەڵام ئەوە کەمتر لەو دەرک و دڵسۆزییە کە هاوسەر دەتوانێت لەمەڕ ئێمەدا هەیبێت.

هەموومان پێمان خۆشە تا بتوانین لەگەڵ هاوسەرەکانمان وتووێژ و قسە و باس بکەین. لەگەڵیدا دەردی دڵ بکەین و بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەین و بۆ داهاتوو نەخشە و پلان بکێشین. بەڵام کاتێک کە سەڵتبین لەو شتانە هەموو بێبەش دەبین. لەوانەیە ژوانگەکان و پێوەندییە عاشقانەکان تاڕادەیەک ئەو بۆشاییانە پڕ بکەنەوە، بەڵام هەموو ئەوانە کاتین و ئێمە هێشتا بەتەنیا دەمێنینەوە. سەبارەت بە پڕۆگرامێکی تەلەفزیۆنیی پێمان خۆشە لەگەڵ کەسێکدا قسە بکەین بەڵام تەنیا دەتوانین بەیانییەکەی لەگەڵ هاوکارەکانمان لە شوێنی کار باسی لێوە بکەین. گرفت یان نەخۆشییەکی تایبەتمەندمان هەیە کە دەمانهەوێت کەسێک لێی بەئاگا بێت، بەڵام بە چ کەسێک دەتوانین ئەوە بڵێین؟ هاوڕێیان و خانەوادە هەریەک رۆڵێکیان لە ژیانی یمەدا دەبێت، بەڵام هیچکام توانای پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی تەنیایی سەڵتبوونیان نییە.

چێشتلێنان بۆ یەک کەس گیروگرفتی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەزموونێکی ترسناکە. لێنانی چێشتێکی بەتام و بەلەزەت کاتێک کەسێک نابێت کە لەگەڵیدا بیخۆی چ لەزەتێکی هەیە؟ خانووەکەتان پێویستی بە کەلوپەلی نوێ هەیە بەڵام کەسێک نییە کە سەبارەت بەو پێداویستییانە لەگەڵیدا راوێژ بکەیت و بڕیاری لەسەر بدەیت. لە هەموو ئەوانەی کە باسمان لێوە کردن مەسەلەی خۆشەویستیی یا سێکسییە کە زۆر گرینگە و دەبێ لەبەرچاو بگیردرێت.

پێوەندییە نێزیکەکان پێویستییان بە هاوڕێیەتیی، دەرکی بەرامبەر، هاودڵیی، خۆشەویستیی و عیشقە. بەڵام ئێمە دەبێ ئەو بۆشاییە دەروونییە بە تەنیایی پڕ بکەینەوە. کاتێک کە گەنجترین سەرقاڵی چەندین تەوەرەی جۆراوجۆرین کە لە گرینگیی ئەم گرفتە کەمدەکاتەوە، بەڵام هەرچی تەمەنمان دەچێتە سەرەوە تێدەگەین کە دیتنی سەیر و سەمەرەکانی جیهان بەتەنیایی بەڕاستیی هیچ تام و چێژێکی ئەوتۆی نییە.

> ”هەمووومان پێمان خۆشە تا بتوانین لەگەڵ هاوسەرەکانمان وتووێژ و قسە و باس بکەین. لەگەڵیدا دەردی دڵ بکەین و بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەین و بۆ داهاتوو نەخشە و پلان بکێشین. بەڵام کاتێک کە سەڵتبین لەو شتانە هەموو بێبەش دەبین“

بەسەڵتییمانەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە هەموو کەس هانمان دەدەن بۆ ژنهێنان و ماڵ و منداڵ پێکەوەنان و سەر و سامان گرتن سەرنجڕاکێش و جێ تێڕامانە. بۆچی دەبێ ناچاربین لە هۆتێل یان لە شوقەیێکدا پارەی دوو قەرەوێڵە بدەین لە کاتێکدا یەکێك لە و قەرەوێڵانە خاڵییە و هیچ کەڵکێکی لێ وەرناگرین؟ کاتێکیش لەگەڵ هاوڕێیەکانمان کە ژنیان هێناوە دەچینە دەرەوە زۆرتر هەست بە تەنیایی دەکەین.

زۆرجاریش کە بۆ میوانیی شەوانە بانگهێشت دەکرێین لەبەر ئەوەی کەسێکمان نییە کە لەوێدا هاوڕێیەتییمان بکات و هەندێک جاریش ناچار دەبین لەگەڵ کەسێکدا کە برادەرانمان ویستوویانە لەگەڵ ئێمەدابێ و ببین بە هاوڕێ، هیچ پێوەندییەکمان پێیەوە نییە هاوڕێیەتیی بکەین.

کۆمەڵگای گەورەساڵانی ئێران نێزیکەی ٣٣٪ ی سەڵتە و ئەوەش رێژەیەکی سەرنجڕاکێشە، سەرەڕای ئەوەش لە زۆربەی ناوچە پیشەییەکاندا، کەسانی سەڵت بازارێکی کاری نوێ بە حسێب دێن. کاتێک ئێمە رۆژانی پشوو دەچینە دەرەوە، بەمەبەستی پیاسەکردن، ژن و پیاوێکی زۆر دەبینین و سەرمان سووڕدەمێنێ کە چ شتێک ئەوانی بۆلای یەکتر رادەکێشێ لەحاڵێکدا ئێمە سەرەتای جەواهیراتێکین کە تاکوو ئێستا کەسێک نەیتوانیوە بیدۆزێتەوە. لەم ڕووەوە سەڵتبوون بەمانای گەشبینییە. یانی لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گیروگرفتەکاندا و هەروەها نەهامەتییەکانی ژیاندا گەشبینانە بیر بکەینەوە. ئەو کەند و کۆسپ و نەهامەتییانە خۆیان لە بیرۆکەگەلێکدا نیشان دەدەن کە لەودیوی هزری ئێوەدا دەچرپێنن، "چی دەبوو ئەگەر.." چی دەبوو ئەگەر بەیانیی لەگەڵ کەسێکدا بەرەوڕوو دەبووم، چی دەبوو ئەگەر ژیانمان بەتەنیایی و بەسەڵتیی تێدەپەڕاند و ئەدی لەگەڵ هیچ کەس بەرەوڕوو نەدەبووم، چی دەبوو ئەگەر هیچ کات عاشق نەدەبووم، چی دەبوو ئەگەرهیچ کات کەس لەگەڵمدا عاشق نەدەبوو، چ دەبوو ئەگەر بڕیاربایە تا کۆتایی تەمەن بە سەڵتیی بمێنین و... ئەو ورتەورتانە کە هەوڵ دەدەین کپیان بکەینەوە و گەشبین بمێنینەوە.

www.arsivakurd.org

گەشبینیی لەو زانستە گشتییە سەرچاوە دەگرێت کە زۆربەی ئێمە بەهەرحاڵ لەگەڵ کەسێکدا بەرەوڕوو دەبین، مێرد یا ژنی دڵخوازی خۆمان دەدۆزینەوە. بەڵام هەرچەندە تەمەنمان دەچێتە سەرەوە نیگەرانیی و دڵەڕاوکێیەکانمان زۆرتر دەبن و ووردەوردە دەترسین. ئەگەر بڕیارە کە لەگەڵ هاوسەری دڵخوازی خۆمان بەرەوڕوو ببینەوە، ئەو کارە دەبێ پێشتر لەوەی کە زۆر لە تەمەنمان تێپەڕ بێت جێبەجێ بکرێت. پێمانخۆشە ئەو ڕووداوە کاتێك بێتەجێ کە ئێمە لە سەرەتای لاویەتیداین. هەر چەندە چرچولۆچیی دەوری چاوەکانمان زۆرتر دەبێت، دەزانین کە خەریکە پیر دەبین، بەڵام هێشتا بە سەڵتیی ماوینەوە.

بەسەڵتییمانەوە تاڕادەیەک وەک سەرکەوتنێک وایە، بەو مانایە کە ئێمە لە گیروگرفتەکان کە لەئاست بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم و ئەو سەرهەڵدەدات، هەڵبژاردنە نادروستەکان و تەنیایی لە پێوەندییەکی خراپ خۆمان پاراستووە. ئەوە یانی ئێمە هێشتا دەتوانین خۆمان هەڵبژێرین و لایەنەکانی خۆمان بپارێزین. هەڵبژاردنی چارەنووس بەدەستی خۆمانەوەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو قسانەدا ئێمە کلۆڵ دەکات. قەبووڵکردنی سەخت و دژوارە بەڵام زۆربەی ئێمە پێمان خۆش نییە بەسەڵتیی بمێنینەوە. یانی لەڕاستییدا بێزارین لەوەی کە بەسەڵتیی بمێنینەوە. ئێمە بێزارین لەوەی کە بەسەڵتیی بمێنینەوە لەبەرئەوەی ناتوانین لە شتێکدا لەگەڵ کەسێک شەریک بین، ناتوانین دیمەنێکی جوان لە ژیانێکی خۆشبەخت لەگەڵ هاوسەرێکی دڵخواز لە هزر و بیرماندا بسڕینەوە.

پێمانخۆشە کە بۆ کەسێک کات تەرخان بکەین و کەسێک خۆشحاڵ بکەین. پێمانخۆشە خۆشەویستمان هەبێت و دەمانهەوێت ئەو دەرفەتە بۆ ئێمە بڕەخسێت کە عاشق بین. ئێمە ئامادەین بەڵام ئەو مۆڵەتەمان پێ نادەن. بەسەڵتییمانەوە هەستی پێویستیی دەروونی ئێمەی بە بەخشین و فیداکردن زۆرتر کردووە و ناهومێدیی ئێمەش زۆرتر پیشان دەدات.

سەڵتبوون هەمیشە بەمانای هەر شەو میوانی ڕۆیشتن و پێوەندییگرتنی بێسنوور، نەبوونی ئەرک و بەرپرسایەتیی، و ژیانی کەمتەرخەمی تەمەنی ٢٥ ساڵیی نییە. بەسەڵتییمانەوە مەسەلەی هەڵبژاردن نییە، مەسەلە ژینگە و کۆمەڵگایە. هەمیشە بیردەکەینەوە کە ئەگەر لێرە نەبوونایە و ئەو جۆرە ژیانەمان نەبوایە بەدڵنیاییەوە بەسەڵتیی نەدەماینەوە.

**سەڵتبوون هەمیشە بەمانای هەر شەو میوانی ڕۆیشتن و پێوەندیگرتنی بێسنوور، نەبوونی ئەرک و بەرپرسایەتیی، و ژیانی کەمتەرخەمی تەمەنی ٢٥ ساڵیی نییە. بەسەڵتییمانەوە مەسەلەی هەڵبژاردن نییە، مەسەلە ژینگە و کۆمەڵگایە. هەمیشە بیردەکەینەوە کە ئەگەر لێرە نەبوونایە و ئەو جۆرە ژیانەمان نەبوایە بەدڵنیاییەوە بەسەڵتیی نەدەماینەوە.**

بە ڕێکەوتن لەگەڵ کەسانی نوێ تێدەکۆشین ئەو هیوایە لە ناخماندا ببووژێنینەوە. دەزانین کە تروسکایی ڕووناکییەک لە کۆتایی ئەو تونێلە دەدرەوشێتەوە و هیوابەخشە و لەبەر ئەوەی کە دوایین خوازبێنییمان ئەوە نییە کە ئێمە دەمانهەوێت، کەواتە ئەوە یانی ڕێگایەکمان بە دروستیی هەڵبژاردووە. ئەوە ڕێگایەکە کە زۆربەی ئێمە لەگەڵ سەڵتیی خۆماندا ڕاهاتووین. ئێمە هەر کارێک دەکەین تا هیواکانمان و حەزەکانمان بە زیندوویی بهێڵێنەوە. خۆمان وا لێدەکەین کە سەڵتمانەوەمان بەدەست خۆمان بووە و چاوەڕوانین تا لەگەڵ کەسی دڵخوازی خۆمان بەرەوڕوو ببین. ئەمەش ڕاستییەکەیەتیی، بست بەبست هەمان کارەکە جێبەجێ دەکەین. بەڵام ورتەورتەکان درێژەیان هەیە، کاتژمێری جەستەکەمان خێراتر تێک و تاک دەکات،، تووکی سەرمان دەڕزێت، بەڵام دەزانین کە لە کۆتاییدا بە ئامانجی خۆمان دەگەین. هێشتا بەو هیوایە زیندووین کە ڕۆژێک لەڕۆژان پێدەگەین.

سەڵتبوون یانی ژیانبەسەربردن بە هەستێکی ناکامیی و ناهومێدییەوە ئەوە یانی کەسانێکی کەم دەتوانن ببن بە هاوسەری ئێمە. ئێمە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە بۆچی بەتەنیا ماوینەتەوە نازانین. تەنانەت هەندێک جار لە خۆمان دەپرسین کە بۆچی من؟ بۆچی من دەبێ بەتەنیا بمێنمەوە؟ ئەمە ئەو شتە نەبوو کە ئێمە بۆ داهاتوومان لەبەرچاو گرتبوو. بەڵام بۆچی ئەو ڕووداوە قەوماوە؟ کوێی کارەکەمان هەڵەی تێدا بووە؟ ئەو کچە شۆخ و جوانانە یا ئەو کوڕانە بۆ کوێ ڕۆیشتوون؟ لەوانەیە ئەوان لە بنەڕەتدا وجوودیان نەبووە و هەموو ئەو ماوەیە ئێمە خۆمان فریوداوە. بەڵام دوایی هەندێک لە هاوڕێیانمان بیردەکەوێتەوە کە پێوەندییەکی زۆر باشمان پێکەوە هەبووە، و بەم شێوەیە زۆرتر خۆمان دەخەینە ژێر پرسیارەوە و بەخۆمان دەڵێین کە لەوانەیە دەرفەتگەلێکی باشمان بۆ هەڵکەوتبێت بۆ پێوەندییگرتنێکی شیاو و دڵخواز، بەڵام لەکیسمان دابێت. لەوانەیە زۆر وەسواسییمان کردبێت! یا ئەوەی کە هەموو تاوانەکان لە ئەستۆی خۆمان بووە. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئاوەها نییە.

کاتی پشووەکان و بۆنەکانی ساڵانە، کاتی نۆڕن و ولنتاین و کریسمەس و... دێنە پێشەوە تازە تێدەگەین کە سەڵتبوون چەندە تاڵ و ناخۆشە، بەڵام هەرساڵ هێشتا ئەو هیوایەمان هەیە کە تا کۆتایی ئەوساڵ لە سەڵتیی ڕزگارمان دەبێت و ژن دێنین و سەر و سامان دەگرین.

ئەو کەسانەی کە ژن و منداڵیان هەیە وا دەزانن کە مریشکی جیرانەکەیان قەلە. کەسانێک کە پێوەندیی هاوسەرییەتیی باشیان نییە، هەمیشە لە حەسرەتی ئازادیی سەردەمانی سەڵتیی دان. ئەوانە لە گیروگرفتەکان و سەرلێشێواویی ژیانی سەڵتبوون بەئاگا نین، وا دەزانن ئەگەر سەڵتبوونایە بارودۆخیان چاکتر دەبوو. لەوانەیە حەق بەوان بێت. بەڵام ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە لە هەڵبژاردنی خۆماندا نابێ پەلە بکەین و هەروەها نابێ دوایشی بکەوین. ئەگەر بزانین کە لە ژیان چیمان دەوێت و بۆ ژنهێنان بە بیر و مێشکێکی کراوە و مەنتقێکی گونجاو و باش بڕیار بدەین هیچ کات لە کاری خۆمان پەشیمان نابینەوە.

---



www.arsivakurd.org

# یادی شەهیدان

باوەڕ ئامادەی دەکا

## ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتا بل احياء عند ربهم يرزقون

شەهیدانمان هێزی ورە و بازوومانن، نووری دیدەن، چرای شەوگاری تارمانن. هاوڕێی سەفەر، ڕێبواری ڕێ و ڕێبازمانن. ژیانیان دەرسی قەت نەسرەوتن، مەرگیان وانەی یان شەهیدبوون یان سەرکەوتن.

یادی شەهیدانی ئێمە چیرۆکێکە بێ کۆتایی، داستانێکە لە ئازایی، تەمەنێکە بە مەرگی وی دەستپێدەکا و کۆتاییشی بێ کۆتایی. یادی ڕێبواری ئەم جارە، شەهید (سەید تاهیری خزریی)ە.

شەهید سەید تاهیری خزریی کوڕی سەید ئەحمەد خەڵکی گوندی "ماوەڵۆ" لە ناوچەی گەورکی سەردەشت، لە بنەماڵەیەکی نەدار و زەحمەتکێش لەدایك بوو. هێشتا منداڵ بوو کە سەید ئەحمەد لەبەر هەژاریی نەیتوانی بە منداڵەکانی بخوێنێ و سەید تاهیریش وەك زۆرێک لە منداڵانی کوردستان بە نەخوێندەواریی مایەوە.

شەهید تاهیر هێشتا هەر مێرمنداڵێکی تازە پێگەیشتوو بوو کە هەستی کوردایەتیی و ئازادییخوازیی هانیدا بۆ پێشمەرگایەتیی و، هەر چەند مانگ دوای جووڵانەوەی کوردستان و دوای لێکدانەوەیەکی ورد، ڕێکخراوی خەباتی هەڵبژارد و بەدڵ و بەگیان بوو بە ئەندامی "خەبات".

سەید تاهیر لاوێکی شۆڕشگێڕ و ئازا و ڕووخۆش بوو. هەم کادرێکی بەکەڵك و هەم پێشمەرگەیەکی ئازا و لێزان بوو. مرۆڤێکی خاوەنهەستی کوردایەتیی و موسڵمانێکی دڵسۆز و خەباتگێڕ بوو. لاوێکی گورجوگۆڵ و بە هەڵسووڕ بوو، خۆشەویستی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچە بوو. لە زۆر چالاکیی ناوچەکانی سەردەشت، بانە، سەقز، پیرانشار و بۆکاندا بەشدار بوو.



شەهید تاهیری خزریی

شەهید تاهیر تامەزرۆی کار و فێربوون بوو، هەر بۆیە توانیی، بێ ئەوەی بچێ بۆ قوتابخانە یان حوجرە، بە هەوڵ و کۆششی خۆی فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردیی بێ. ئەرکی پێشمەرگایەتیی زۆر بەباشیی ئەنجام دەدا و، ئەوکاتەی پێخۆش بوو کاری پێ بسپێردرێ.

هەتا ئێوارەی ١٩ ی خاکەلێوەی ١٣٦١ ی کۆچیی - هەتاویی لە پێچی "گۆمە کورتەك" لە نیزیك گوندی "هەمران" لە ناوچەی سەردەشت، لە کاتێکدا بەمەبەستی کەمیندانان بۆ دوژمن لەگەڵ چەند هاوسەنگەری دیکەی دەچوو بۆ سەر جادە، بەسەر مینێکدا ڕۆیشت، کە دوژمن دابینا بوو، و بەخەستیی بریندار بوو. هەر لەو شەوەدا لە کاتێکدا کە لەگەڵ برینداریکی دیکەی هاوڕێی بەرەو ناوەندی دەرمانیی بەڕێ دەکران، گیانی بە گیانئافەرین بەخشی و ڕووحی پاکی بەرە و بەهەشتی بەرین باڵی گرت. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی بێ.

---

## دەستەی بەڕێوەبەریی ماڵپەڕی بێستان لێدانی ڕۆژنامەنووسان، لەلایەن ئاساییش و پۆلیسەوە، مەحکووم دەکا

**بەناوی خودای دەهندە و دلۆڤان**

خەڵکی ئازادییخوازی کوردستان!

ڕۆژنامەنووسانی بوێر و، خاوەنقەڵەمانی خاوەنهەڵوێست!

وەک ئاگادارن ماوەیەکە کۆمەڵێک لە خوشک و برایانی ڕۆژنامەنووس لە باشووری کوردستان، بەمەبەستی شکاندی گەمارۆ بێبنەماکەی سەر بناری قەندیل، مەفرەزەیەکیان بەناوی "مەفرەزەی قەڵەم" پێکهێنا و بڕیاریان دا بە نووکی قەڵەمەکانیان گەمارۆ تێکبشکێنن و بەرەو قەندیل ڕێبکەن. بەڵام لەگەڵ گەیشتنی "مەفرەزەی قەڵەم" بە دوایین بازگەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم، لەلایەن ئاساییش و پۆلیسەوە، ڕێیان پێدەگیرێ و دواتر، دوای دەستگیرکردنی چەند ڕۆژنامەنووسێک، زۆر دڕندانە دەکەونە لێدانی هەردوو برای ڕۆژنامەنووس سۆران عومەر و ڕەحمان غەریب و، بەپەلە دەگەیەنرێنە نەخۆشخانە.

ئەم هەڵوێستەی ئاساییش و پۆلیس دژ بە ڕۆژنامەنووسان لەکاتێکدایە کە دانیشتووانی بناری قەندیل لە بارودۆخێکی نالەباردا ژیان بەسەردەبەن و، بە تامەزرۆییەوە لە چاوەڕوانیی گەیشتنی "مەفرەزەی قەڵەم"دان.

هەر بەو بۆنەوە، ئێمە لە دەستەی بەڕێوەبەریی بێستان، دەستدرێژیی بۆسەر هەر ڕۆژنامەنووسێک مەحکووم دەکەین و نووکی خامەمان لە پەنا نووکی خامەی "مەفرەزەی قەڵەم" ڕادەگرین و خۆمان بە سەربازی ئەو مەفرەزە بوێرە دەزانین و، دەنگمان یەکدەنگ دەخەینە پاڵ دەنگی دلێرانەی ڕۆژنامەنووسانی بێدار. هاوکاتیش داوا لە دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین هۆشیارانە و حەکیمانە مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا بکەن و ڕێبدەن نوێنەری قەڵەم و گۆڤار و سیپارەکان بەرەو بناری قەندیل هەڵکشێن. دڵنیاش بن ئەم ڕێگرییە لە زیان بەولاوە چیتری لێ شین نابێتەوە.

**دەستەی بەڕێوەبەریی بێستان**

**٢-٢-٢٠٠٨**

www.bestan.net

www.arsivakurd.org

# هاوڕێیانی نیوەڕێ
# و
# پەیامێک بۆ کۆڕی نەمران

ناسر ح.



لە بەرەبەیانییەکی ئارامدا، پێش ئەوەی خۆر پرچی زەردی بەسەر لاشەی رووحم دادا و، ئەستێرەکان، وەک ملوانکەی دەسگیرانیی، لە گەردنی ئاسمان وەبن. تەنها کەمێک پێش ئەوەی مانگ ئۆغر بکا و ئێمەش لێرە بە گەورەیی خۆر بسپێرێ. هاوارم کردە ئەستێران، گازم کردە مانگی چاردە: جێم مەهێڵن! مەڕۆن لێرە! منیش ڕێبوارێکی ماندووی ئەم دەڤەرەم، دڵم بە دیدارتان تێرە. گەر هەر دەڕۆن بمبەن لەگەڵ خۆتان خێرە. ئارەزوومە، بۆ ساتێکی زۆر کەمیش بێ، لە بەرزایی ئاسمانەوە نیگام شۆڕکەمە خوارەوە تا ببینم کێن ئەو "پیاو"ە پاشەڵپیسە پیسپەرستە پیسخۆرانە! ئەوانە کێن وێنەی قرژاڵ هەر بە دوو سەران دەچن و دێن! کێن ئەوانە لایان وابوو دنیا بۆ مفتەخۆرانە! کێن ئەوانە...... کێن ئەوانە...... ئەمن لە قسانم بوومەوە و جا روانیمە رووخساری مانگ، دیتم فرمێسک گۆنای سپیی تەڕکردووە و گەرووی بە هەنسکانەوەیە، توومەز بۆ حاڵی من دەگریی. هەر لەدوای کەمێک بێدەنگیی سەریهەڵبڕی، دیتی زیز و دڵشکاوم، پەستم، هەناو پڕ زووخاوم. من چاوەڕێ بووم بڵێ بێ، فەرمووی: هاوڕێ! وا مەڕوانە ئێمە لەو جێ بڵیندانە کەیف و سەما و خۆشییمانە! ئێمەی بێنەوا و بێ لانە، کارمان گەڕان و سووڕانە لەو ئاسمانە. ئەوجار فەرمووی: لەم هەوارەی خۆت وەمێنە، هەدا مەدە هاوڕێ و هاودەمان وەبینە. گوتم: تۆ چۆنت فەرموو وادەکەم، بەڵام، جێ هیوا و جێ هومێدەکەم، گەرەک پێش چوونتان عەرزتکەم. فەرمووی: بڵێ. گوتم: هەر لەم هەوارەی مە پۆلێک هەبوون سەردار، سەروەر، لەپاش گەیاندنی پەیام باڵیان گرت و رایانگەیاند بەرەو خزمەت باری دەچن. جا ئێستا لەکوێن چی دەکەن دیارە کە ئێوە تێیدەگەن. مانگ بە تاسە و غوربەتەوە فەرمووی بەڵێ! ئەو سەروەرە دیندارانە، ئەو پیاوە چاک و پاکانە، یەک لەنێو هەمووواندا دیارە گەورەی قافڵەی سەروەرانە. ئەوجار فەرمووی: بێنە ئەگەر پێتە پەیام ببەم بۆ کۆڕی سەروەران. شاگەشکە بووم، گورجێ خامەم گرتە دەستم و پەڕێکی سپیم لە گیرفانە بچکۆلانەکەم دەرهێنا و دەستم کردە پەیامنووسین. ئەمەش دەقی پەیامەکە:

### بەناوی بەرزەناو

لەم هەوارە بێنازەوە و لە بەرەبەیانییەکی هیواپڕژێن. لەناخی دڵی ڕێبوارێکی کۆستکەوتووی هەرگیز نەسرەوتووی قەت نەکەوتوو، لە مەلێکی ئاوارە و بێلانەی ئەم نیشتیمانە، بۆ مەلە تیژباڵەکانی ئاسمانی مان. لەوێشەوە لەسەر پەڕەی باڵی خەیاڵێکی سپی وەک بەفری لوتکەی چیاکان بۆ دەنکە تنۆکی پاکی ئەسرینی دیدەی دایەگیان، لەویشەوە بۆ ئەستێرە تیشکاوێژە رووسوورەکان، تا دەگاتە ئەو هەوارە بێهەورەی گەورەی گەوران دوای لەشەقەی باڵکوتانێک لێی نیشتبوون، بۆ حزووری شەهیدانی سوورخەڵاتی ڕێی دین و بوون، سڵاوتان لێ بێ. سڵاوێک، تەڕ وەک چاوی دایە و دادە، گەرم وەک ژێر لەپی دەستی کاکە و بابە. سپی وەک رووتان، سوور وەک خوێنتان، بەرز و بڵیند وەک باڵای بەرزی بەڕێزتان، روون بەوێنەی رێ و رێبازتان.

ئازیزانم! من دەزانم کە خامەم لە ئاست ئێوەدا نووکی کولە و وەک زارۆی بێ دەست و پلە. نووکی خامەم هەرچەند بەبڕشت و بەکار بێ کە باس گەییە باسی گەوران ئەژنۆی دەشکێ و شەرم دەیگرێ. لێ گەر پرسن چۆن زاتت کرد ئەم سڵاونامانە بنووسی؟! دەڵێم یاران! خۆتان کە میوانی خودان بێشک بێدار و بەئاگان. لەبیرتانە هاوڕێیانی نیوەڕێتان، هەتا لێرە حزوورتان بوو، زمان لاڵ و چێهرە تاڵ و هەگبەیان پووچ و بەتاڵ بوو؟ خۆ بیرتانە لە کاتێکا لە دیوەخان فەرمان درا و بڕیار درا هەر کۆتریێ گمەی بۆ غەیری کوێخا بێ گەرەک مەسیری دۆزەخ بێ؟ خۆ بیرتانە چۆن رەوە کوللەکەی هەنگێ بێ هیچ شەرمێ، بێ هیچ سڵێ لە دەغڵی باپیرەم ئاڵان؟ لەیادتانە ئەو ساتانەی گورگە بۆرەی دەم جۆگەلە دەیگوت هەلە، بخۆن گۆشتی کاڵی بەرخان، بدڕن ورگی "خۆفرۆشان"، خۆ بیرتانە چەند خوێن رژان، چەند مێشک پژان!.

سەروەرانم! هەر دوای کۆچی دوایی ئێوە، ئێمە بووینە نێچیری وان. گەرەکیان بوو ئەو درەختەی بە خوێنی وە ئاودرابوو لە رەگەوە هەڵبکێشن! هاتن بەڵام دەستبەتاڵ چوون. هاورێییانی نیوەڕێتان وەک لە حزوور پاکی خۆتان هیواخوازبوون نەتانبینن، نەتاندوێنن لە خەویشدا ناتان بینن، واش بڕیارە هەتا مابن نەتانبینن!. ئای بۆ ئەو مەرگەساتە، ئای بۆ ئەو چرکە و کات و ماوە و ساتە ئێوە لە خەودا دەبینن. لەدەستیان بێ جەستەی خەونیش وەک جەستەی پیرۆزی ئێوە لەنێو خوێندا شەلاڵ دەکەن. شەرم ناکەن، بە مەرگتان پێدەکەنن و لە کۆچتاندا شایی دەکەن!. ئەوەن قارەمانی مەیدان!، ئەوەن شێرە کوڕی کورد و درێژەدەری رێی شەهیدان!.

> **"لەبیرتانە هاوڕێیانی نیوەڕێتان، هەتا لێرە حزوورتان بوو، زمان لاڵ و چێهرە تاڵ و هەگبەیان پووچ و بەتاڵ بوو؟ خۆ بیرتانە لە کاتێکا لە دیوەخان فەرمان درا و بڕیار درا هەر کۆتریێ گمەی بۆ غەیری کوێخا بێ گەرەک مەسیری دۆزەخ بێ؟ خۆ بیرتانە چۆن رەوە کوللەکەی هەنگێ بێ هیچ شەرمێ، بێ هیچ سڵێ لە دەغڵی باپیرەم ئاڵان؟"**

سەروەرانم! ئەوەی نووسیم دەنگ و باسی ئەم دەڤەرەی لای ئێمە بوو. پێش کۆتایی ئەم نامەیەش حەزمە بڵێم: هاوڕێیانتان هەر وەک جاران، بگرە چاکتر، هەڵگری رێ و رێبازتانن، پارێزەری پەیامتانن. دڵتەنگ قەت مەبن ئارام بن، دەرختێک بێ و بە خوێنی پاکتان ئاودرابێ، مەگەر قەدەر لای خودا بێ. دەنا هەرکەس لەلای وابێ، واباشترە، دین و دنیا لێک جوودابێ، هەزار سڵاو لە ئەقڵی بێ. ئازیزانم! بەم داوایە لە حزوورتان کۆتایی بە نامە دێنم. داوا و تکام وایە لێتان، گەر چوونە لای شاهی شاهان، لەدوای بردنی کڕنووشان، هەم بۆ خۆم هەم بۆ هاوڕێیان بکەن داوای لێخۆشبوونمان. بەنیازی دیدار.

www.arsivakurd.org

# گۆشەی وێژە

## لە زومڕووت و یاقووتەکانی دەریای مەولانا جەلالەددینی رۆمیی

**بێستانچیی**

**سەرچاوە: ئینتێرنێت**


**مەولانا جەلالەددینی رۆمیی**

**قەدەر** ... رۆژێکیان پیاوێک بە راکردن هاتە خزمەتی حەزرەتی سولەیمان "سڵاوی خوای لێبێ" رووی زەرد هەڵگەڕابوو، لێوەکانی مۆر ببوون و لەرزی پێ کەوتبوو. حەزرەتی سولەیمان پرسیی: "چت لێ قەوماوە؟ ئەمە چ حاڵێکە؟!". کابراش بە نیوەگیان وەڵامی دایەوە: "ئەزڕائیل زۆر بە تووڕەیی و سەرسامییەوە کردم، ترسێکی زۆرم لێنیشتووە، هاتوومەتە لای قاپیی دادپەروەریی ئێوە". حەزرەتی سولەیمانیش فەرمووی: "باشە ئێستا چیت لەمن ئەوێت، ئەتوانم چیت بۆ بکەم؟". پیاوەکەش گوتی: "ئەی پادشای دادپەروەر فەرمان بفەرموون بە رەشەبا کە هەڵمگرێت بەرەو هیندستان. گیانم لەدەستی ئەزڕائیل رزگار بکە با لەم ترسە دەروونییە رزگارم بێ". حەزرەتی سولەیمانیش فەرمانی دا بە رەشەبا کە کابرا ببات بۆ دوورگەیەک لە هیندستان. بۆ رۆژی دوایی، ئەوکاتەی حەزرەتی سولەیمان دەستی کرد بە پێشوازییکردن لە میوانەکانی، ئەزڕائیلیش هاتە ژوورەوە. حەزرەتی سولەیمان رووداوەکەی دوێنێی بۆ گێڕایەوە و فەرمووی: "دوێنێ پیاوێک هاتە لام، ووتی کە تۆ بەتووڕەییەوە تەماشات کردووە، ئەکرێت هۆکاری ئەمە بڵێیت؟".

ئەزڕائیل وەڵامی دایەوە: "ئەی پادشای گەورە! من بەتووڕەییەوە تەماشای ئەو کابرایەم نەکرد، بەڵکوو کە ئەوم بینی زۆر سەرسام بووم، چونکە پەروەردگار فەرمووی: "برۆ گیانی ئەو پیاوە لە هیندستان کێشە"، منیش کە پیاوەکەم لێرە بینی زۆر سەرم سووڕما، وتم ئەم پیاوە سەد دانە باڵیشی هەبێت ناگاتە هیندستان. بۆیە ئاوا بە سەرسووڕمانەوە تەماشام کرد، بەڵام کە چووم بۆ هیندستان و کابرام لەوێ بینی زیاتر سەرم سووڕما، بۆیە وەک ئەوەی فەرمان درابوو گیانی کابرام لە هیندستان کێشا".

**دوو کۆیلە** ... رۆژێکیان پادشا دوو دانە کۆیلەی کڕێ. یەکێکیان دەموچاو پاکی دەمودان رێکی ڕووخۆش بوو، بۆنی گوڵ لە هەناسەی دەهات. ئەوەی دیکەیان هەتا بڵێی ناشرین بوو، دانەکانی زەردببوون و دەمی بۆنی لێدەهات. پادشا چاکەی کرد لە بەرامبەر ئەو کۆیلە رووپاکەدا و ناردی بۆ حەمام. ئەو کۆیلەیەش کە بۆنی دەمی دەهات، پادشا بانگی کردە لای خۆی و پێی وت کە ئەو زۆر ئەمی بەدڵە بەڵام هاوڕێیەکەی (واتا کۆیلە پاکەکە) قسەی زۆر خراپی پێ وتووە و، داوای لێکرد کە ئەمیش بە خراپە باسی بکات. بەڵام ئەم (کۆیلە ناشرینەکە) هیچ قسەیەکی خراپی نەکرد و هەر بە باشە باسی هاوڕێکەی کرد. هەرچەندە پادشا زۆر هەوڵی دا بەڵام نەیتوانیی قسەیەکی خراپی پێ بکات دەربارەی هاوڕێکەی.

ئەمجارەیان کۆیلەی دووەم چووە حەمام، پادشا ویستی کۆیلە جوانەکە تاقییبکاتەوە، پێی ووت: "چەندە جوان و قۆز بوویت، بەڵام خۆزگا ئەو خووڕەوشتە خراپانەت نەبوایە کە کۆیلەکەی تر باسیکردن بۆم". هەربۆیە کۆیلەکە دەستی کردە قسەوتن بە هاوڕێکەی، عەیبە و کەموکورتییەکانی ژمارد. پێش ئەوەی قسەکانی تەواو بکات، پادشا بێدەنگی کرد: "بەسە، بەسە ئیتر، نا و ناوڕۆکی هەردووکتانم ناسیی. دەمی ئەو بۆنی لێدێ بەڵام تۆ ناخت بۆنی کردووە. ئیتر لەمەودوا تۆ لەژێر فەرمانی ئەو دایت".


**دیمەنێک لە ناوچەی گوندی "رێژاو" لە ناوچەی کرماشان**

www.arsivakurd.org

# شەهید



فاروق عەبباسیی
faroq88@hotmail.com


هەر کاتێک و
لە هەر جێیە.
گەر پرسیان شەهید کێیە!
بەبێ ڕاوەستان، دەستبەجێ
دەڵێم ... شەهید
چەکی تۆڵەی پێشمەرگەیە،
بۆ دوژمنم
دڵ پڕ قین و
بۆ گەلەکەم مژدەی پێیە.
بۆ لافاوی ستەمی زۆردار
شەهید قەندیلە، شاهۆیە.
...
شەهید هاوڕێی
چەک و خوێن و ئازادییە.
گڵکۆی پاکی (شێخ سەعید) و
بڕنەوەکەی (بارزانیی)ە.
دڕکی ژێرپێی دوژمنان و
بەرماڵەکەی (موفتیزادە) و
خوێنی گەشی (سوبحانیی)ە.
...
شەهید نامرێ و هەر ماوە،
لە تاریکیی هەر زیندانێک
بۆ هەر ماڵێک،
شەهید تیشکی خۆرەتاوە.
بۆ جەستەی گەل
هێزی بازوو، نووری چاوە.
شەهید هیوای چەوساوان و
بزە و خەندەی مناڵانە.
بۆ بڕینی دەستی زۆردار
شەهید شیرە،
خەنجەرێکی بێکالانە.
بۆ خوشکانی براکوژراو،
بۆ دایکانی جگەرسووتاو،
شەهید برا و هەم کەسیانە.
هەر شەهیدە
هێندە بەرزە،
هێند بەڕێزە،
خۆشەویستی لای یەزدانە.
بۆیە لای مە کۆچی کرد و
بۆ ژیانی هەرگیز نەمریی
باڵی گرت و
لەلای خودا
هەتا هەتایە میوانە.

**هاوینی ٢٠٠١**



## لە هۆنراوەکانی مامۆستای شەهید مامۆستا مەلا مەحەممەدی ڕەبیعیی

(بەبۆنەیساڵیادی شەهیدکردنی)



### چۆنیەتیی ژیان

ئەگەر شێری لە بێشەی غیرەتی ژین
چەقەڵ ڕێگا مەدە لانە و عەرینت
ڕەوایە مار و دووپشکت لەگەڵ بێ
نە دوژمن هاومەرام و هاونشینت
بە سەربەرزیی بژی مەرگت ژیانە
ژیانی مەرگبارە، پێکەنینت
وەها بمرە کە دۆست و دوژمنی تۆ
بە ئاخ و دەردەوە بێنە سەرینت
یەکێ داخی دڵی فەوتانی حەق بێ
یەکێ دەرچوونی گیانی نازەنینت
"ڕەبیعی" سەردە بازاڕی حەریفان
چەنێ خۆشە بەیانی ئاگرینت

## کەناڵی تەلەفزیۆنیی "تی ئاڕ تی" تورکیی بە کوردیش پەخش دەکات

بەڕێوەبەری کەناڵی "تی ئاڕ تی" تورکیی ڕایگەیاند: "بەمزووانە کەناڵەکەمان بە هەشت زمان پەخش دەکات و لە سەرووی هەمووشیانەوە کوردیی و عەرەبیی و فارسییە".

بەپێی لێدوانێکی محەممەد ئایدن بەڕێوەبەری کەناڵەکە بۆ سایتی سی ئێن ئێن تورك، کەناڵی "تی ئاڕ تی" تورکیی بەمزووانە بە زمانی کوردیی پەخش دەکات و پەخشە کوردییەکەش تەنها بریتی نابێت لە هەواڵ بەڵکوو فیلم و زنجیرە دراما و گۆرانیی و بەرنامەی جیاجیاش دەگرێتەوە و بە زمانی ئەرمەنیش پەخش دەکات. محەممەد ئایدن بەڕێوەبەری کەناڵی نێوبراو گوتیشی: "لە کاتێکدا بەرنامەیەك پەخش دەکرێت، بینەر دەتوانێت لە هەمان کاتدا بە کوردیی و ئەرمەنیی و عەرەبیی گوێی لێبگرێت".

www.arsivakurd.org

# هەمەڕەنگ

## بچووکترین هەسارە کە بەم نزیکانە دۆزراوەتەوە




ئامادەکردنی: گوڵاڵە عەبباسی
golala_abbasi@hotmail.com

لێکۆڵەرەوانی بنکەی ئەستێرەناسیی ماکس پلانک ( Max Planck Instituttet) (MPIA) لە شاری (هایدبێرگ)ی ئاڵمان، ئەم هەسارە سەرنجڕاکێشەی دۆزیوەتەوە. ئەم هەسارەیە بچووکترین هەسارەیە کە تاکوو ئێستا، لە دەرەوەی کۆمەڵەی خۆر، دۆزرابێتەوە. هەسارەکە ناوی (Tw Hydrae)ە و تەمەنی لە نێوان هەشت تا دە ملوێن ساڵ دەبێت. بەپێی هەڵسەنگاندنەکان وادادەندرێ کە تەمەنی زەوی نزیکەی ٤،٥ ملوێن ساڵ بێت و "مانگ"یش پێش نزیکەی ٤،٦ ملوێن ساڵ دەستی بە دروستبوون (فۆڕمگرتن) کردبێت.

تۆماس هێنینگ (Thomas Henning)، کە لێپرسراوی بەشی دروستبوونی هەسارە و ئەستێرەکانە، لە پەیامێکی ڕاگەیاندندا دەڵێ: "ئەم هەسارەیە یەکێکە لە هەرە سەرنجڕاکێشترین هەسارە دۆزراوەکانی دەرەوەی کۆمەڵەی خۆری ئێمە. ئەم هەسارە لە هەسارە قورسەکانە لە کێشدا کە کێشەکەی دە ئەوەندەی کێشی هەسارەی (موشتەریی)ە کە گەورەترین هەسارەیە لە کۆمەڵەی خۆر".

ئەم هەسارەیە ٣،٦٥ ڕۆژ دەخایەنێت تاکوو بەدەوری ئەستێرەکەی خۆیدا، کە دووریی نێوانیان شەش ملوێن کیلۆمیترە، دەسووڕێتەوە. ئەمەش تەنیا ٤٪ی دووریی نێوان زەوی و خۆرە.

### ئەستێرە بچووکەکان (بازنە)یان هەیە



دیمەنێک لە کۆمەڵەی خۆر و هەسارەکان

نیشانەی ئەم شێوە هەسارانە ئەوەیە کە بەدەوری ئەستێرەکەیدا دەسووڕێتەوە. کاتێکیش ئەستێرەیەک دروست دەبێت ئەوا بازنەیەک لە گاز و خۆڵ دروست دەبێت بەدەوریدا.

لێکۆڵەرەوەکان ماوەیەکی زۆرە لەو بڕوایەدان کە هەسارەکان لە خۆڵ و گاز دروست دەبن بەماوەیەکی کورت دوای ئەوەی ئەستێرەکە دروست بوو، بەڵام تاکوو ئەم دواییانە کەس نەیتوانیی ئەو شتە بیسەلمێنێ.

گەڕان بەدوای ئەستێرە تازەکان (ساواکان) لەلایەن لێکۆڵەرەوە ئاڵمانییەکان لە ساڵی ٢٠٠٣ دا دەستی پێکرد و ئەنجامەکانیشیان لەم دواییانەدا لە بڵاوکراوەکانی (Nature) بڵاوکرانەوە. هێنینگ لە ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی کە بۆ یەکەمجار سەرکەوتوانە توانرا نیشان بدرێ کە هەسارەکان لەڕاستییدا لە بازنەیەکی پێکهاتوو لە گاز و خۆڵ، دروست دەبن.

لێکۆڵەرەوەکان دەیانەوێت ئەم دیتنەوەیە بەکاربهێنن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو بیروڕایانەی کە هەن، بیانسەلمێنن کە چۆن ئەو هەسارانە دروست دەبن، وە دروستبوونیشیان چەندە دەخایەنێت.

********

## ئایا دەزانیی؟!!

ئامادەکردنی: فارووق عەبباسیی



• کە کۆی رووبەر و دانیشتووانی هەموو وڵاتانی (ئەندۆرا، بەحرەین، باربادۆس، بووتان، برونەی، بلژیک، بورۆندی، قوبروس، گامبیا، جامایکا، کوەیت، لوبنان، لۆکسۆمبۆرگ، ماڵتا، مۆناکۆ، قەتەر، سانمارینۆ، سەنگافوورە، تۆنگا و ڤاتیکان) بەیەکەوە، کەمتر لە رووبەر و دانیشتووانی کوردستانە بەتەنیا؟!



• کە دووریی نێوان خۆر و زەوی ١٥٠٠٠٠٠٠٠ کیلۆمیترە و، سووڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا لە خولگەیەکدایە کە درێژییەکەی ٩٤٢ ملیۆن کیلۆمیترە و بە ٣٦٥ ڕۆژ و ٥ کاتژمێر و ٤٨ چرکە و نیو تەواوی دەکات و خێراییەکەی ١٨ میلە لە چرکەیەکدا. هەروەها زەوی سووڕانەوەیەکی دیکەی هەیە بەدەوری خۆیدا و، لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا جارێک دەسووڕێتەوە بە خێرایی ١٠٠٠ میل لە کاتژمێرێکدا.

• کە گەورەترین خانوو خانووی سوڵتان (حەسەن)ی سوڵتانی (سەڵتەنەتی بروونەی)ە کە زیاتر لە ٧٠٠ ژووری نووستن و پتر لە ٥٠٠ گەرماوی تێدایە؟!


هەر بۆ زانیاریی زیاتر ... وڵاتی برونەی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا و وڵاتێکی بە ڕووبەر بچووکە و سنووری لەگەڵ وڵاتی مالیزیایە و، زۆربەی هەرەزۆری دانیشتووانەکەی مسوڵمانن



یەکێک لە مزگەوتەکانی وڵاتی برونەی

www.arsivakurd.org

# گەرمتر لە ١٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر




وەرگێرانی: پێشرەو مەعریفەتیی
peshraw_kurd@hotmail.com

لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی "ناسا"دا دەرکەوتووە کە کەش و هەوای ئێستا لە ١٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر گەرمترە و لە لێکۆڵینەوەیەکی تریشدا بە هەمان ئەنجام گەیشتوون.

کەش و هەوای گۆی زەوی لەم سەدساڵەی دواییدا بە ڕێژەی ٠،٦٪ پلە گەرمتر بووە و دەتوانین چاوەڕێی گۆڕانکارییەکی زۆر گەورەبین لەمەو دوا. کەش و هەوا بەرە بەرە گەرمتر دەبێ و مرۆڤیش هۆکاری ئەو گۆڕانکارییانەیە. هەندێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە لەپاش ئەو گۆڕانکاریانەن ئەو کارخانە گەورانەن کە دووکەڵێکی زۆر دروست دەکەن، هەروەها بەنزین و نەوت و گازی سروشتیی و ئوتومبێلیش لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمان.

هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کارخانەکان و دووکەڵ بڵاوکردنەوە گەردوونیش وردە وردە گۆڕانکاریی، لە بواری ئاو و هەواوە، بەسەر هاتووە. هیچ بەڵگەیەکی نووسراو نییە کە ئاماژە بەو گۆڕانکارییانە بکات بەڵام چاوەڕێی ئەوە دەکرێ کە ئەو گۆڕانکارییانە هەر بەردەوام بن.



گۆی زەوی لەم سی ساڵەی دواییدا بەرادەیەک گەرم بووە کە لە "دوازدە هەزار" ساڵ لەمەوپێش گۆڕانکاریی لەم جۆرە بەسەر کەش و هەوادا نەهاتووە. وە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون ساڵی "دووهەزار و سەد" زەوی بە ڕێژەی ٤،١ تا ٨،٥ پلە گەرمتر دەبێ.

زۆر کەس پێیانوایە کە ڕێژەی ٤،١ زۆر کەمە، بەڵام کەمترین و بچووکترین گۆڕانکاریی، گەورەترین مەترسیی هەیە و تاکو ئێستا کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر زەوی.

## ڕێژەیەکی ترسناک

"ناسا" تاقیکردنەوەیەکی نوێی ئەنجامداوە و تیایدا سوودیان لە هەموو ئەو گەرمیپێوانە وەرگرتووە کە لەو سەدساڵەی ڕابردوودا کراون. لەو تاقیکردنەوەیەدا دەرکەوتووە کە لە سی ساڵی ڕابردوودا، زەوی هەر دە ساڵێک بە ڕێژەی ٢،٠ پلە گەرمتر بووە. ئەوان مەبەستیانە رابگەیەنن کە نزیکبووینەوە لە ڕێژەیەکی دڵگران. هەموو ئەنجامەکان دیاریدەدەن کە ئێمە بەرە بەرە نزیک دەبینەوە لە ڕێژەی پلەی گەرمای زۆر ترسناک و هۆیەکەشی بۆ ئێمەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە.

ئێمە گەیشتووینە ڕادەیەک لە پلەی گەرمیی زەویی کە نەدەبوو بە یەک ملوێن ساڵی دیکەش پێیگەیشتباین. بەپێی ئەو قسانەی ئەوان ئەگەر زەوی تەنها دوو پلەی دیکە گەرمتربێت ئەوکات دەبێتە کوورە (ئەستێرە) یەکی دیکە و گۆڕانکاریی زۆری بەسەرداذێت.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی "ئافتۆنبلادێت"ی سوئێدیی

## ماڕادۆنا فانیلە (کراسە) وەرزشییەکەی خۆی پێشکەش بە سەرۆکی ئێران دەکات




(دیگۆ ئەرماندۆ ماڕادۆنا) ی ئەستێرەی ناوداری جیهان و یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین، فانیلە (کراسی) وەرزشییەکەی خۆی، کە هەڵگری ژمارە "دە"یە، پێشکەش بە (مەحموود ئەحمەدی نەژاد)ی سەرۆکی ئێران دەکات.

ئاژانسەکانی هەواڵی ئەرژەنتین بڵاوی کردەوە: کە ماڕادۆنا لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی ئێرانەوە لە (بۆینس ئایرس)ی پێتەختی ئەرژەنتینەوە، کراسی ژمارەی ١٠ خۆی لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین پێشکەش بە (مەحموود ئەحمەدی نەژاد)ی سەرۆکی ئێران کردووە.

ئاژانسەکانی هەواڵ ئاماژەشیان بەوەداوە: کە ماڕادۆنا لە میانەی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ هەڵسوڕێنەری کارەکانی باڵیۆزخانەی ئێران لە ئەرژەنتین داوای چاوپێکەتنی لەگەڵ (ئەحمەدی نەژاد)دا کردووە و پشتگیریی و پشتیوانیی خۆشی بۆ گەلی ئێران دەربڕیوە.

## ساڵی ڕابردوو زۆرترین سەربازی ئەمریکی لە عێراقدا کوژراون



ساڵی ٢٠٠٧ بۆ هێزەکانی سوپای ئەمریکا لە عێراق، دژوارترین و خوێناوییترین ساڵ بوو کە تیایدا، بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو، زۆرترین ڕێژەی سەربازی ئەمریکی تێدا کوژراون.

لەمبارەیەوە وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (پێنتاگۆن) بڵاویکردەوە: "لە ساڵی ٢٠٠٧ دا ٨٩٦ سەربازی ئەمریکی لە عێراق کوژراون، هەروەها ئاماژەیدا کە تەنیا لە مانگی کۆتایی ساڵی ڕابردوو (دیسامبر) (٢١) سەربازی ئەمریکی کوژراون. بەمەش لە سەرەتای شەڕی عێراق، لە ساڵی (٢٠٠٣)، وە تائێستا ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی ئەمریکا لە عێراق دەگاتە (٣٩٠١) سەرباز، ئەمساڵیش بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا خوێناوییترین ساڵ بوو بۆ هێزەکانی سوپای ئەمریکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی بێستان

www.arsivakurd.org

# BESTAN

No. 13

February 2008

A Cultural Magazine. Published by The Revolutionary Khabat Organization Of Iranian Kurdistan


www.arsivakurd.org

## بانگەوازێك

هاووڵاتیانی هێژا!

برا و خوشکە کوردەکان!

خوێنەرانی بیرۆمەندی بێستان!

بێستان، نێژراوی چەند دەستان، هیوای ئەدەب خۆشەویستان، گۆڤارێکی سیاسی، ئەدەبیی، کۆمەڵایەتییە کە بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگ و وێژە و ئەدەبی کوردیی تێدەکۆشێ.

بێستان، بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی نەتەوەکەمان بەپێی توانا هەوڵ دەدا و ئامێزی پڕ لە رێزی خۆی بۆ هاتنی رێبوارانی رێگای ئەدەبی کوردیی ئاوالآیە و هیوا وایە لە داهاتوودا شەمامە بگرێ بۆ دەستی دۆستان و، درک بۆ چاوی نەیارانی ئەدەبی پاراوی کوردیی.

بێستان، بۆ رازاندنەوەی خۆی چاوەڕوانی دەست و پەنجەی رەنگین و بەهێزی ئێوەیە کە لە هەموو لایەکەوە و لە هەموو جۆرە شەتڵ و نەمامێک وەکۆکەن و وەیرازێنن.

دەبا پێکەوە بێستان بکەینە رووگەی ئەدەبدۆستان و بژاری کەین و ئاوی دەین و پەرژینی کەین و لەدەست ئافات و دژ و زیانەخرۆیان بیپارێزین. وە داوامان ئەوەیە کە بیخوێننەوە و بە دەستی ناسیاوانی خۆتانی بگەیەنن. هیواداریـن ئێوەی بەرێز لە هاوکارییتان لەگەڵ گۆڤارەکەمان بەردەوام بن و بە ناردنی بابەتی بەکەڵک و پێشنیار و رەخنەی بەسوود پێوەندییتان لەگەڵمان گەرم و گوڕتر بکەن و هەروا وێڕای ئێمە ئاودێر و وەرزێری ئەم گۆڤارە بن و ”بێستان“ لە شەتڵ و برکی گوراوی دەستتان بێبەش نەبێ. ئەوەش کە بێستان ساڵی چەند بەران پێ دەگەیەنێ ئێمە دیاری ناکەین، با بزانین ئاو و خاک چۆنی دەگوورێنێ.

چاوەڕوانی بەرهەمی بابیداری خوێنەرانی بەرێزین بۆ ژمارەکانی داهاتوو.

دەستەی نووسەران

## نێونیشان و پێوەندییەکان

- نێونیشانی سایتی ناوەندیی رێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت:

  www.khabat.org

- بۆ خوێندنەوەی ژمارەکانی دیکەی گۆڤاری ”بێستان“ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت سەردانی ئەم نێونیشانە بکەن:

  www.khabat.org/bestan.htm

- بۆ پەیوەندییگرتن بە گۆڤاری ”بێستان“ەوە: bestan59@hotmail.com